# کوتەک بەدەستەکانی وەرەزیل

## غوڵامحوسەین ساعیدی

وەرگێڕ: مەسعود تەهازادە



خوێنەری هێژا؛

ئەم بەرهەمە و شانۆنامەیەکی دیکە لە نووسەری ئێرانی غوڵامحوسەین ساعیدی، بڕیار بوو بە شێوەی چاپی و لە توێی دوو کتێبدا بڵاو بکرێنەوە؛ بەڵام بە هۆی بارودۆخی نالەباری بواری چاپ و بڵاوکردنەوە، پەتای کۆرۆنا و ڕەوشی کۆمەڵگە و ئەوەی کە هیچ چاوەڕوانییەک ناکرێ کەی بەرەو باش‌بوون بڕوا، بڕیار درا بە شێوەی فایلی ئەلکترۆنیکی (پە.دی.ئێف) و لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بڵاو بکرێتەوە تا بگاتە بەردەستی خوێنەر.

تکایە ئەگەر ئەم کتێبە دەخوێننەوە، وەک وەڵامێک بۆ هەوڵ و کاتی تەرخان‌کراو، بە دڵخوازی خۆتان و چەندەتان لا گونجاو بوو، پووڵێک بخەنە سەر حیسابی بنکە، لایەن یا ڕێکخراوەیەکی خێرخوازیی گشتی یا لایەن و ڕێکخراوەکانی یارمەتیدەری نەخۆش و لێقەوماوان.

لەگەڵ ڕێز، مەسعوود تەهازادە

**کەسایەتییەکان:**

- کەیخودا
- ئەسەدوڵڵا
- موحەڕەم
- نیعمەت
- عەوڵا
- مام عەلی
- مام غوڵام
- مام جەعفەر
- مام سەتار
- موسیۆ
- ڕاوچیی یەکەم
- ڕاوچیی دوویەم
- ڕاوچیی سێیەم
- ڕاوچیی چوارەم

**شوێن:** وەرەزیل، گوندێکی خەیاڵی.

گۆڕەپانی گوندێک بە ناو «وەرەزیل». لە بەرامبەریدا مزگەوتی گوندەکە هەڵکەوتووە. مزگەوتەکە هەیوانێک و سەیوانێکی هەیە کە لە سەر دوو کۆڵەکە ڕاوەستاوە. دەرگەی مزگەوتەکە لە نێوەڕاستی هەیوانەکەیە بە گوڵمێخی زلەوە و دوو زنجیر کە بە شێوەی کەوان لە سەرەوەی دەرگەکەوە، لە ئەملا و ئەولای دەرگەکەیان کوتاون بۆ دەخیلبەستن و پاڕانەوە.[1] دوو لای مزگەوتەکە دەگاتە سەری دوو کۆڵان. دیواری کۆڵانی لای ڕاست ئاوەدانە و دیواری بەرامبەر کۆڵانی بەری چەپ ڕووخاوە و لە پشتییەوە کەلاوەیەکی گەورە هەڵکەوتووە. سەکۆیەکی چوارگۆشی گەورە بە هەیوانەکەوە نووساوە کە بۆ بانگەواز کەڵکی لێ وەردەگیرێ و هەرکات مجێور دەچێتە سەر سەکۆکە، سەری لە سەربانی مزگەوتەکە بەرزتر دەبێ. لە دوو لای گۆڕەپانەکە، دوو بینا بەرامبەر یەک هەڵکەوتوون و دەرگە و پەنجەرەی هەردووکیان لە تەختی ئەرزەکە بەرزترە. هەرکام لە بیناکان دوو پەنجەرەی بچووکیان هەیە و دەرگەیەک و لە نێوان پەنجەرەکان، دوو ڕیز پلیکانە لە دوو لاوە تا بەر دەرگەکان درێژ دەبنەوە. هەرکام لە پەنجەرەکان لە سەرەوەی ڕیزێک لە پلیکانەکانن. بیناکان چۆڵن، دەرگەکانیان داخراوە و تۆزوخۆڵیان لێ

١. خوێنەری بەڕێز، پێشنیاری وەرگێڕە کە بەر لە خوێندنەوەی شانۆنامەکە، لاپەڕەی کۆتایی کتێبەکە بخوێننەوە کە تێیدا شرۆڤە و مانای هەندێ وشە و دەستەواژە نووسراوە.

نیشتووە. لە لای پێشەوەی دیمەنی شانۆکە، واتە لە دوو لای بیناکانەوە، دوو کۆڵانی دیکە دەگەنە گۆڕەپانەکە و گۆڕەپانەکە وەک چوارڕێیانێک هەڵدەکەوێ.

# 1

دەمەوئێوارەیە. مام غوڵام لە کۆڵانی لای ڕاستەوە دێتە نێو دیمەنی شانۆکە و دەچێتە نێو گۆڕەپانێکی بچووکەوە، لە ژێر سەیوانێک و چاو لە دەوروبەری خۆی دەکا و پاشان دەچێتە سەر سەکۆیەک. بۆ ئەوەی دەنگی بەرزتر بێ، دەستی لە دەوری زاری بابۆڵە دەکا.

**مام غوڵام:** هۆی وەرەزیلییەکان! *[ماوەیەک بێدەنگی، پاشان سەرلەنوێ.]* هۆی، هۆی وەرەزیلییەکان!
**دەنگێک لە نزیکەوە:** هۆۆۆی *[چەند دەنگ لە دوورەوە دێ کە دەڵێن: «هۆۆۆۆی». تەپڵەسەری «موحەڕەم» لە کونی دیواری کەلاوەیەکەوە وەدیار دەکەوێ.]*
**موحەڕەم:** هۆی مام غوڵام! ئەوە دیسان چ باسە قسان دەپەڕێنی؟ بەیانی جارێکی خەڵکت لە خۆت ئالاندووە، دیسان چ قەوماوە؟
**مام غوڵام:** *[بە سەرسوڕمانەوە سەیری موحەڕەم دەکا.]* ئەمە تۆی موحەڕەم؟ حاڵ و وەزعت چۆنە؟ ئەوە بۆ چوویەتە ئەوێ؟
**موحەڕەم:** ئێرە؟
**مام غوڵام:** ئادی، چ دەکەی لەو کەلاوەیەدا؟
**موحەڕەم:** *[پێیدەکەنێ.]* لە دوێنێشەوەوە بوومەتە کەلاوەنشین.
**مام غوڵام:** خودا نەکا... جا بۆ بوویە کەلاوەنشین؟
**موحەڕەم:** ئەی نیم...؟ یانی نەبوومەتێ...؟ بۆ مەگەم بەیانی هەمووتان

نەتاندەوت پیاو ئەگەر دارونەداری دانا، ئیدی وەک کەلاوەنشین بێ، وایە؟

**مام غوڵام:** کوڕە باوکەکەم... مام ئەسەدوڵڵا لە خۆیەوە قسەیەکی کرد...ئەتۆ بۆ بە دڵت گرت...؟ بۆخۆت سڵامەت بی، ماڵی دنیا چڵکی دەستە، دەیشۆیەوە، سبەی دیسان دێتەوە. کەس لە کاری خودا ناگا...

**موحەڕەم:** بەڵام بەیانی خەڵک ئەوەندە خۆشحاڵ بوون، پێیان ئەرزی نەدەگرت.

**مام غوڵام:** کوڕە خودا غەزەبمان لێ گرێ ئەگەر خۆشحاڵ بووبێین. ئەمە کوێی قسەیە پیاوی چاک!

**موحەڕەم:** هەمووتان شوکرانەبژێر بوون کە بێ زەرەروزیان دەرچوون. بەڵا لە بناگوێتان گەڕایەوە، زەوییەکانتان هیچی لێ نەهات.

**مام غوڵام:** چاکە کێ چیی وت؟ من گوێم لە هیچ نەبوو!

**موحەڕەم:** نا کەس هیچی نەوت؛ بەڵام لە شوکرانەبژێرییەکەتانەوە دیار بوو.

**مام غوڵام:** کوڕە وەڵڵا خراپت بە دڵدا هاتووە... خودا بۆخۆی دەزانێ، هەمووان جەرگیان بۆت لەتلەتە... هەموو دەڵێن موحەڕەمی چارەڕەش... بزانە چیی کردبوو ئاوای بە سەر هات.

**موحەڕەم:** دە باشە منیش هەر ئەمە دەڵێم ئیدی... «بزانە چیی کردبوو»...! دە بۆخۆت بڵێ من چیم کردووە...؟ خراپەی کێم ویستووە؟ کەی هەق بوو وام لێ بێ؟ ها؟ نا، مام غوڵام... هەق نەبوو، نەوەڵڵا، هەقی من ئەمە نەبوو...

**مام غوڵام:** بەم قسانە کار چاک نابێ موحەڕەم.

**موحەڕەم:** خودا بۆخۆی چاکتر دەزانێ... جارێ ڕاوەستە، بەراز تازە بەم

گوندە فێر بووە... خۆ دنیاش تەواو نەبووە... جارێ شەو زۆرە، ئەمشەو، سبەیشەو... خۆ بەرازیش تازە لێ نابێتەوە...

**مام غوڵام:** وا ڕقئەستوور مەبە، موحەڕەم.

**موحەڕەم:** دەوراندەوری ئەم گوندە هەمووی زەوییە... زەویی ئەسەدوڵلا... زەویی کەیخودا...مام سەتار... ئەوانی دی... منداڵۆکە بووم بەراز بەم گوندە فێر بوو، ئەوە چەند ساڵە هەر کێشەیان لەگەڵییەتی. ئێستاشی لەگەڵ بێ، چارەیان هەر بۆ نەکراوە... ئەوانی دیش نۆبەیان دێ... جا ئەودەم دەزانن هەق نەبوو وام بە سەر بێ...

**مام غوڵام:** چاکە بۆ چوویەتە ئەوێ؟

**موحەڕەم:** *[پێدەکەنێ.]* هیچ کوێی دیم نییە. بە جارێکی خۆڵم وە سەر بووە.

**مام غوڵام:** کوڕە وەرە دەرێ... خودا گەورەیە، پشت بەو بسپێرە. *[موحەڕەم بزەیەکی تاڵی دێتێ و لە پشت دیوارەکە بزر دەبێ. مام غوڵام دیسان دەستی لە دەوری زاری بابۆڵە دەکا و بە هاوارکردن]* هۆۆۆی، هۆۆۆی وەرەزیلییەکان!

**چەند دەنگ لە دوورەوە:** هۆۆۆ...ۆۆۆ...ۆۆی!

**کەیخودا:** *[لە کۆڵانی لای ڕاستی پشتەوە دێتە ژوورەوە.]* سەلام وعەلەیک مام غوڵام.

**مام غوڵام:** عەلەیکموسەلام کەیخودا.

**کەیخودا:** *[لە خوارووی یەکێک لە کۆڵەکەکانی سەیوانی مزگەوتەکەدا دادەنیشێ.]* هێشتا کەس نەهاتووە؟

**مام غوڵام:** نەوەڵلا... وەدرەنگ کەوتوون.

**کەیخودا:** هەڵبەت هیچیان بە زەیندا نەهاتووە.

**مام غوڵام:** شتی وا چۆن دەبێ کەیخودا...؟ یانی لە بەیانییەوە تا ئێستا کەس ئاقڵی بە شتێک نەشکاوە؟

**کەیخودا:** ئەم جۆرە شتانە لە ئاقڵی نەفەرێک بەدەرن... دەبێ هەمووان فکریان لە سەر یەک دانێن... دەی، تۆ دەڵێی چی مام غوڵام؟

**مام غوڵام:** ئەمن...؟ ئەمن... وەڵڵا هیچ!

**کەیخودا:** جا چۆن هیچ؟ چاکە مەگەر قەرارمان وا نەبوو هەموومان لە فکری چارەدا بین؟

**مام غوڵام:** نازانم وەڵڵا کەیخودا... هیچ سەرەدەری لێ دەرناکەم... پێت وا نەبێ پشتگوێم خستووە ها...! بە پێچەوانەوە، زۆریشی لە فکردا بووم... چاکە تۆ کەیخودای دەبێ بزانی... خۆ لەخۆڕا نەبوویەتە کەیخودا.

**کەیخودا:** هەر ئەمەمان مابوو من خەتابار بم کە بوومەتە کەیخودای ئێوە! با کەیخوداش بم، بەڵام خۆ عیلمی غەیبم نییە... ئەم شتانەش کاری یەک کەس بەتەنێ نین... دەبێ هەمووان ئاقڵیان لە سەر یەک دانێن، بزانن چارە چییە و چیمان لە دەست دێ.

**ئەسەدوڵڵا:** *[لە کۆڵانی لای چەپەوە دێتە ژوورەوە.]* سەلاموعەلەیک.

**کەیخودا و مام غوڵام:** عەلەیکموسەلام و ڕەحمەتوڵڵا.

**کەیخودا:** ئەدی ئەو خەڵکە لە کوێن ئەسەدوڵڵا؟

**ئەسەدوڵڵا:** ئەوە دێن. *[عەبدوڵڵا و مام سەتار لە کۆڵانی لای ڕاستی پێشەوە، مام جەعفەر و مام عەلی لە کۆڵانی لای ڕاستی پشتەوە و نیعمەت لە کۆڵانی لای چەپەوە دێنە ژوورەوە.]*

**جەماوەر:** سەلاموعەلەیک... سەلاموعەلەیک... *[هەمووان لە پێش سەیوانەکە دادەنیشن.]*

**کەیخودا:** چاک بیرتان لێ کردەوە...؟ دەی دەڵێن چ بکەین؟ *[هەمووان ئاوڕ دەدەنەوە و سەیری ئەسەدوڵڵا دەکەن.]*
**ئەسەدوڵڵا:** بۆچی بە هەمووتان چاوتان لە من بڕیوە؟ جوابی کەیخودای بدەنەوە!
**کەیخودا:** چاکە ئەسەدوڵڵا، لە چاوی پیس بە دوور بی، ئەتۆ ئاقڵ و ماریفەتت لە هەموومان زیاترە... بۆیە...
**ئەسەدوڵڵا:** گەورەییت دەگەیەنی کەیخودا... جێیەک مام عەوڵا، مام سەتار و ئەوانی دیی لێ بێ، ئەمن چ کارەم؟
**مام سەتار:** جا وەڵڵا ئەمن بڵێم چی... لە هیچ ناگەم *[پێدەکەنێ.]* هەرچێکی ئێوە بڵێن، ئەمنیش بە سەر و گیان تێدام.
**مام عەبدوڵڵا:** ئەمن دەڵێم ئەمە کاری خودایە... بزانن چ تاوانێکمان کردووە کە ئەمە کەفارەکەیەتی! خودا غەزەبی لێ گرتووین.
**مام عەلی:** *[مۆدنەکەی دادەگیرسێنێ.]* کێشە ئەمەیە کە زۆر درەنگ وەخۆ کەوتین. ئەوە چوار دانەساڵی ڕەبەقە بەراز بەم گوندەی ئێمە فێر بووە... بەڵام دەڵێی لە گوێی گادا خەوتووین، دەستەوئەژنۆ و بێدەسەڵات دانیشتووین.
**کەیخودا:** چاکە خۆ ئەم چەند ساڵە زیانیان نەبوو... کاریان بە هیچ نەبوو.
**مام سەتار:** دوو ساڵیان ساردوسەرما بوو، هیچی وایان وەگیر نەدەکەوت؛ خۆ بەرازیش کاری بە زەویی بەتاڵ نییە.
**کەیخودا:** پاریش کە پاش هەڵگرتنەوەی بەرهەم هاتن.
**مام جەعفەر:** بە قازانجی من بوو: نیوەی زەوییەکەمیان بە مفتومەرحەبا کێڵا. *[پێدەکەنێ.]*

**مام عەبدوڵڵا:** ئەمە بۆ پێکەنین نابێ مام جەعفەر! هەناسەی بەراز زەوی گڵاو دەکا، خێروبەرەکەتی لێ دەبڕێ.

**ئەسەدوڵڵا:** لەو قسانە گەڕێن. ئێستا کە خەریکە هەرچی هەمانە و نیمانە تاڵانی دەکەن، دەفەرموون چ بکەین؟

**مام سەتار:** جا من بڵێم چی. ئێوە وەکیلی من، هەرچێکی بڵێن قەبووڵمە.

**ئەسەدوڵڵا:** دەی، کەیخودا؟

**کەیخودا:** وەڵڵا ئەوەی ڕاستی بێ... چیتان لێ ناشارمەوە... ئەمن زۆری تێ فکریم... بەڵام بڵێم چی... دەردی پیری گرانە... هیچم بە زەین نەگەیشت، ئەوەندە دەزانم کە هەتا زوویە دەبێ چارەیەکی بکەین، دەنا...

**عەبدوڵڵا:** دەی ئەسەدوڵڵا، بۆخۆت چی؟

**ئەسەدوڵڵا:** *[بیر دەکاتەوە.]* چاو لێکەن، ئەم کارە گرفتێکی هەیە.

**جەماوەر:** گرفتی چی؟

**ئەسەدوڵڵا:** ئەگەر ئەم کێوەی لێ نەبووایە، چارەی هاسان بوو.

**مام عەلی:** کێوی «شەماخی»؟

**ئەسەدوڵڵا:** ئادی، شەماخی.

**کەیخودا:** دەی؟

**ئەسەدوڵڵا:** بەرازەکان لە شەماخی دەکەون... بە ڕۆژ دەچنە ئەوێ، شەوانەش لە زەوییەکانی ئێمە دەدەن... ڕێک وەک «کوخاڵوو».

**مام عەلی:** یانی دەڵێی ئەگەر «قەرەکێو» لە نزیک کوخاڵوو نەبووایە، بەراز هێرشی نەدەکردێ؟

**ئەسەدوڵڵا:** نەخێر نەوەڵڵا.

**کەیخودا:** ئادی، ڕاست دەکا. بۆخۆم لە خەڵکی کوخاڵووم بیستووە

دەیانوت ئەگەر ئەم کێوە نەبووایە، زۆر لەمێژ بوو چاری ئەو بەرازانەمان کردبوو.

**مام نیعمەت:** چاکە کێو چیی بە بەراز داوە؟

**ئەسەدوڵڵا:** بەراز هەمیشە لە جێیەک دەگیرسێتەوە پەناگەی هەبێ... ئەگەر دەڵێی وا نییە، کێت پێ باشە لەو بپرسە، بزانە وایە یان نا.

**کەیخودا:** وایە... وایە... لە جێیەک دەگیرسێتەوە کە پەناگەی هەبێ... بۆ زاوزێ...وا نییە ئەسەدوڵڵا؟

**ئەسەدوڵڵا:** خۆ منیش لە خۆمەوە قسە ناکەم، هەڵبەت شتێکی دەزانم... سەعاتێک لەوەپێش دیسان لە لای شەماخییەوە دەنگیانم بیست.

**کەیخودا:** دەنگیانت بیست؟

**ئەسەدوڵڵا:** ئادی... *[جەماوەرەکە بە ناڕەحەتی سەیری یەکتر دەکەن.]* نازانم ئەمشەو نۆبەی چ ماڵوێرانێکە.

**نیعمەت:** خودا بکا نۆبەی من نەبێ.

**مام عەبدوڵڵا:** ئیشەڵڵا نۆبەی کەس نییە... دڵت چاک بێ مام نیعمەت... پشت بە خودا بسپێرە.

**مام جەعفەر:** نۆبەی منە... چاکە؟ گوێ بدەنێ بزانن دەڵێ چی. *[پێدەکەنێ.]*

**ئەسەدوڵڵا:** لێم سوورە ئەمشەو وەدیار دەکەون... دەبێ بە جۆرێک قڕانیان تێخەین.

**نیعمەت:** دەڵێی چییان لێ بکەین؟

**ئەسەدوڵڵا:** دەبێ بیانترسێنین.

**مام عەلی:** تۆ پێت وایە بەراز منداڵە بە پخەیەک بترسێ و دەرچێ؟

**ئەسەدوڵڵا:** ئاقڵم بەوەندە دەشکێ کە بە پخەیەک ناترسێ...! بەڵام خۆ

لە دەنگێکی بەرز دەترسێ!

**مام جەعفەر:** *[بە پێکەنین و خۆشحاڵییەوە]* دەنگی بەرز؟

**ئەسەدوڵڵا:** ئادی، دەنگێکی زل.

**مام غوڵام:** *[بە ورووژانەوە]* وەک دەنگی دەهۆڵ... وایە ئەسەدوڵڵا؟

**کەیخودا:** دەهۆڵ؟

**جەماوەر:** *[هەموو هەڵدەستن.]* دەهۆڵ؟ دەهۆڵ؟

**ئەسەدوڵڵا:** ئادی، هەڵبەت لە دەنگی دەهۆڵ دەترسێ.

**کەیخودا:** دە کەواتە جێبەجێ بوو. نەموت دەبێ هەمووومان ئاقڵمان بخەینە سەر یەک؟

**مام عەلی:** جێبەجێی چی؟

**ئەسەدوڵڵا:** گوێتان لێ بێ؛ ئەمشەو پاش نانخواردن دەهۆڵەکان دەست دەدەینێ و و ڕوو لە مەزرایە دەکەین.

**مام عەلی:** کوا دەهۆڵ؟

**ئەسەدوڵڵا:** دەهۆڵەکانی مزگەوتێ ئیدی.

**عەبدوڵڵا:** ئەمە چ قسەیەکە؟ بەم دەهۆڵانە دەتانەوێ بەراز ڕاو بنێن؟ وەڵڵا، بیللا، گوناحە. وا مەکەن! لائیلاهەئیللەڵڵا...

**ئەسەدوڵڵا:** ئەدی چارە چییە مام عەولا؟

**کەیخودا:** خودایە شوکرت! خودایە شوکرت!

**مام جەعفەر:** خودایە شوکرت نەجاتمان بوو.

**موحەڕەم:** *[لە کونی دیوارەکەوە دەخزێتە دەرێ.]* ئادی، نەجاتتان بوو...! دڵتان بەمە خۆش بکەن. ئەگەر بەراز لە دەنگی دەهۆڵ ترسابا، خۆ لە کوخاڵووش دەهۆڵ زۆرە. دەهۆڵی شاحوسێن، دەهۆڵی نیعمەتی، دەهۆڵی حاجی هەباس... بەڵام بەرازەکان ئەوە هەر لەوێن!

**ئەسەدوڵڵا:** ئەوان قەت بەمەیان نەزانیوە... نەیانزانیوە ڕەنگە دەنگی دەهۆڵ... *[کتوپڕ لە دوورەوە دەنگی بەرازێک دەبیسترێ. هەمووان هەڵدەستن و بە ترسەوە سەیر دەکەن. کە دەنگی بەرازەکە دەبڕێتەوە، دەنگی پێکەنینی موحەڕەم لە کەلاوەکەوە بەرز دەبێتەوە.]*

# 2

هەوا تاریکە. مام غوڵام فانووسێک بە دەستەوە لە کۆڵانی لای ڕاستەوە دێتە پێشێ و دەچێتە سەر سەکۆکە. فانووسەکە بە بزماری سەیوانەکەوە هەڵدەواسێ، کوتەکەکەی لە قەراخێک دادەنێ و هاوار دەکا.

**مام غوڵام:** هۆۆۆۆی وەرەزیلییەکان!

**چەند دەنگ لە دوور و نزیکەوە:** هۆۆۆی. هۆی.

**مام غوڵام:** هۆی وەرەزیلییەکان! شەو داهات، درەنگە، هۆی وەرەزیلییەکان!

*[کەیخودا فانووس بە دەستەوە لە کۆڵانی لای ڕاستی پێشەوەڕا دێتە ژوورەوە. مام غوڵام شووڵکەکەی هەڵدەگرێ و دادەبەزێ، لە پێش سەکۆکە دادەنیشێ. ئەسەدوڵڵا لە کۆڵانی لای چەپی پێشەوەڕا، نیعمەت لە کۆڵانی لای چەپی پشتەوەڕا، عەبدوڵڵا و مام سەتار لە کۆڵانی لای ڕاستی پێشەوەڕا، مام جەعفەر و مام عەلی لە کۆڵانی لای ڕاستی پشتەوەڕا، هەمووان گۆپاڵ بەدەست دێنە نێو دیمەنی شانۆکە و لە دەوری یەکتر کۆ دەبنەوە.]*

**ئەسەدوڵڵا:** دەێ با وەڕێ کەوین، زوو بگەینێ.

**کەیخودا:** یا ئەڵڵا، با بڕۆین. *[هەڵدەستێ.]*

**ئەسەدوڵڵا:** کەیخودا! دەڵێم باشتر وایە تۆ لێرە ڕاوەستی، جحێڵەکان

زۆرن.

**کەیخودا:** *[خاوەخاو دەکا و دادەنیشێ.]* چۆنتان پێ چاکە با وا بێ.

**مام عەلی:** ئادی کەیخودا، تۆ مەیە. زەویی تۆ خودا بۆخۆی دەیپارێزێ.

**ئەسەدوڵلا:** تا ئەو دەمەی خۆمان بەرازەکان ڕاو نەنێین، هیچ زەوییەک...

**عەبدوڵلا:** ئێمە نا، خودا... ئێمە وەسیلەین...

**ئەسەدوڵلا:** دەی چاکە! مام غوڵام، هەستە بڕۆ دەهۆڵەکان بێنە و وەرەوە.

*[مام غوڵام هەڵدەستێ، فانووسەکەی هەڵدەگرێ، بۆ لای دەرگەی مزگەوتەکە وەڕێ دەکەوێ، دەرگەکە دەکاتەوە و دەچێتە ژوورەوە.]*

**ئەسەدوڵلا:** حەیفێکی! حەیف بۆ بەرهەمی ئەمساڵمان!

**مام عەلی:** ئەو ئاوە زۆرە...

**نیعمەت:** ناخۆش ئەوەیە کە چەلێ زۆری ماوە بەرهەمەکان بگەنێ.

**مام غوڵام:** *[ئاڵۆز و شێواو دەگەڕێتەوە.]* کەیخودا! ئەسەدوڵلا! *[هەموو هەڵدەستن.]*

**کەیخودا:** چییە؟ چ قەوماوە؟

**مام غوڵام:** دەهۆڵەکان دیار نین!

**ئەسەدوڵلا:** یانی چی دیار نین؟ بە دیواری تەنیشت ڕووگەکەوە هەڵاوەسراون. *[ئەسەدوڵلا پێڵاوەکانی دادەکەنێ و دەچێتە نێو مزگەوتەکە.]*

**عەبدوڵلا:** ئێوارێ بۆخۆم دیتمن!

**مام غوڵام:** خۆ درۆتان بۆ ناکەم! بچن بۆخۆتان چاو لێ بکەن!

**مام جەعفەر:** *[دەگەڕێتەوە و بە دڵشادییەوە]* دەهۆڵەکان دیار نین،

دەهۆڵەکان دیار نین! *[چەپڵە لێ دەدا، خۆشحاڵە.]*
**ئەسەدوڵڵا:** *[دەگەڕێتەوە.]* دەهۆڵەکانیان دزیوە.
**کەیخودا:** چی؟ دزیویانن؟
**نیعمەت:** ئەخر چۆن؟
**عەبدوڵڵا:** *[زۆر ناڕەحەتە.]* لائیلاهەئیللەڵڵا... دوایی دەڵێن بۆ بەراز هێرش دێنن. تاوانانی ئاوا دەکرێ بۆیە وامان بە سەر دێ ئیدی!
**کەیخودا:** چاکە بڵێی کاری کێ بێ؟ ها؟ کێ وێراویێتی؟
**ئەسەدوڵڵا:** دەبێ بزانین کاری کێیە.
**مام عەلی:** هەرکەس بێ، خۆمانەیە. کابرای غەریب خۆ نایە دەهۆڵ بدزێ.
**نیعمەت:** ئێستا چارە چییە؟ بێ دەهۆڵ چ بکەین؟
**عەبدوڵڵا:** خودا بۆخۆی وەخێری گێڕێ.
**نیعمەت:** ئەگەر بەرازەکان هەڵیانکوتایە سەر زەوی و بەرهەمی کەسێکیان پەرش‌وبڵاو کرد، یەخەی کێ بگرین؟ ها؟ دەبێ یەخەی کێ بگرین؟
*[کتوپڕ دەنگی چەند بەراز لە مەودای نزیکەوە دەبیسترێ. هەمووان دەجووڵێنەوە و بێخواست کوتەکەکانیان بەرز دەکەنەوە و چەند چرکەیەک بەم شێوەیە بێجووڵە بەردەوام دەبن. سەرلەنوێ دەنگی بەراز دەبیسترێ.]*
**ئەسەدوڵڵا:** *[بە هاوار]* هاتن!
*[دەنگەدەنگ لە گشت گوندەکە بەرز دەبێتەوە. جەماوەرەکە لە نێو گۆڕەپانەکە دەبنە دوو بەش و یەک لە کۆڵانی لای ڕاستی پێشەوە و ئەوەی دیکە لە کۆڵانی لای ڕاستی پشتەوە، هاوکات کە کوتەکەکانیان بەرز کردووەتەوە و دەگوڕێنن، دەچنە دەرەوە. کەیخودا دەمێک دوودڵە و*

*گوێ شل دەکا، فانووسەکەی هەڵدەگرێ و لە کۆڵانی لای ڕاستی پشتەوەی دیمەنەکە دەردەچێ. تەنیا فانووسی مام غوڵام لە ژێر سەیوانەکە دەئایسێ. پاش ماوەیەکی کورت، موحەڕەم لە کەلاوەکە دەردەکەوێ و و بەردێک دەهاوێتە فانووسەکە. فانووسەکە دەشکێ و دیمەنی شانۆکە تاریک دادێ.]*

# 3

خۆر تازە هەڵاتووە. دەرگەی مزگەوتەکە کراوەتەوە. نیعمەت لە بەر دەرگەی مزگەوتەکە، لە سەر سەکۆیەک دانیشتووە و سەری خستووەتە نێوان ئەژنۆکانی. سەری موحەڕەم لە کونی نێوەڕاستی دیوارەکە دەردەکەوێ، دەڕوانێ و بەئەسپایی خۆی دەردەکێشێ و دێتە نێوەڕاستی کۆڵانەکە لە سەر چنگ بەرەو پێشەوە دەخزێ. لە پێش سەکۆکە هەڵدەترووشکێ و لە نیعمەت ڕادەمێنێ.

**موحەڕەم:** هۆی مام نیعمەت... هۆی، لەگەڵ تۆمە!
**نیعمەت:** *[سەری هەڵدێنێ.]* چییە؟
**موحەڕەم:** حاڵت باشە؟ *[پێدەکەنێ. نیعمەت لێی چەپوچیڕ دەبێتەوە و دیسان سەری دەخاتەوە نێوان ئەژنۆکانی.]* دەڵێم... دوێنێ لە هیچ وخۆڕاییەکی وا هەڵچووبووی و دەهری ببووی.
**نیعمەت:** چیت دەوێ؟
**موحەڕەم:** هیچ... دەڵێم ئاخری بەرازەکان وەشاندیان، ها؟ جا خۆ ئەمە خەمی پێ ناوێ، ئاش بە نۆبە!
**نیعمەت:** دەی؟
**موحەڕەم:** دەڵێم ئیدی تۆ بەتەنێ نیی... ئەمنیش بەتەنێ نیم... خراپ نەبوو. *[پێدەکەنێ.]* دەی، وەرە با بڕۆین. *[کەلاوەکەی پێ نیشان دەدا.]*

**نیعمەت:** ئەویٚ بۆ؟

**موحەڕەم:** ئەخر لەمەودوا من و تۆ حیسێبمان لەوانی دی جیایە. *[دێتە پێشەوە و سەری هەڵدێنیٚ.]* تۆ ئیدی هی ئەم لایەی. *[پێدەکەنیٚ.]* نایەی؟

**نیعمەت:** لاچۆ لە بەر چاوم!

**موحەڕەم:** وەرە...! من و تۆ ئیدی وەک ئەوان نین... پێریٚشەویٚ نۆبەی من بوو... دوێنیٚشەویٚ هی تۆ... ئەمشەویش جاریٚ دیار نییە... ئەوان هەموویان خۆشحاڵن.

**نیعمەت:** کیٚ؟

**موحەڕەم:** هەموویان: کەیخودا... ئەسەدوڵلا... مام سەتار... جەعفەر... هەموویان!

**نیعمەت:** هیچیان خۆشحاڵ نین.

**موحەڕەم:** ئەخر تۆزێکیش دەترسن... لە سبەیڕۆژیٚ دەترسن. کیٚ ئاگادارە؟ خۆ بەراز ناڵیٚ ئەوە هاتم... دەزانی ئێستا بۆوان وەک چی وای...؟ وەک ئەوەی هاتبێنە پرسەی ئازیزێکت... یا نا، پرسەی خۆت... سەر مەیتەکەت... بۆ سەرەخۆشی.

**نیعمەت:** لێم گەڕیٚ...! وەدووی کاری خۆت کەوە...! بۆخۆم دەزانم کیٚ بەم ڕەوشە خۆشحاڵە.

**موحەڕەم:** کیٚ...؟ بەرازەکان...؟ *[پێدەکەنیٚ.]*

**نیعمەت:** چیت دەویٚ، هاتوویی بەدبەختییەکانم بۆ بژێری؟

**موحەڕەم:** جاریٚ ڕاوەستە. تازە لە بەر چاویان کەوتوویی... بیری لیٚ بکەوە... هەتا ساڵێکی دیکە پاییزیٚ دەبیٚ برسییەتی بچێژی... چیت بۆ ماوە؟ چەوەندەر... کەلەم و ئێرەماسی...؟ کەس پیاوی سواڵکەری

خۆش ناوێ... یا دەبێ لێدەی بڕۆی، یا... *[پێدەکەنێ.]* چاو لێ بکەی بزانی ئەمشەو نۆبەی کێیە نەشەی نەمێنێ. لە دوێنێوە وام چاو لێ دەکەن دەڵێی گڵاوم... کە چاو لە چاویان دەبڕم، سەریان بەردەدەنەوە. منیان وەک سەی تۆپیو... وەک بڵێم چی...

**نیعمەت:** دە هەستە بە ملی شکاوت لە پێش چاوم ون بە! *[کوتەکەکەی دەهاوێتە لای موحەڕەم. موحەڕەم خۆی لادەدا و پێدەکەنێ. کوتەکەکە هەڵدەگرێ و بە سیمایەکی جیددییەوە دەیشکێنێ و دەیهاوێتەوە پێش نیعمەت. نیعمەت چاو لە کوتەکە شکاوەکە دەبڕێ. موحەڕەم دەچێتەوە نێو کەلاوەکە. کەیخودا و جەماوەرەکە لە مزگەوتەکە دێنە دەرەوە.]*

**عەبدوڵڵا:** تاقە چارە هەر ئەمەیە. دەبێ پەنا بۆ بارەگای خودا بەرین. هەر خۆی چارەی پێ دەکرێ... من و تۆ چیمان لە دەست دێ؟ دەبێ خێر و خێرات بکەین و لیێ بپاڕێینەوە... وا نییە مام سەتار؟

**ئەسەدوڵڵا:** ئەمانە هەمووی ڕاستە... بەڵام خۆ خودا نایە بەرازەکان ڕاو بنێ، باوکم... خودا دەستی پێ داوین کە بۆخۆمان ئەم کارە بکەین... وا نییە مام سەتار؟

**مام سەتار:** *[سەرقاڵی لەپێکردنی پێڵاوەکانییەتی و هۆشی نییە.]* هەرچێکی ئێوە بیڵێن. ئێوە وەکیلی من! *[هەمووان پێدەکەنن.]*

**عەبدوڵڵا:** دا لاچوو ماڵێکەتە، تۆش قەت هۆشت لە خۆت نییە. *[جەماوەرەکە دوور لێک دادەنیشن.]*

**ئەسەدوڵڵا:** با بزانین ئەمشەو نۆبەی... *[سەیری یەکەبەیەکەیان دەکا و هەرکات لە یەکێک دەڕوانێ، ئەو کەسە سەری بەردەداتەوە.]* نۆبەی کێیە؟

**مام غوڵام:** ئەگەر دەهۆڵەکانیان نەدزیبایە، دوێنێشەو ئەو بەڵایە بە سەر

نیعمەت نەدەهات.

**ئەسەدوڵڵا:** *[پەنجەی دەباتە پێش لێوی، واتە وست بە.]* ئەرێ دەڵێم... *[ئاماژە دەکا بە مام غوڵام کە قسە نەکا.]*

**موحەڕەم:** *[پێدەکەنێ و سەری لە کونی کەلاوەکەوە دێنێتە دەرەوە.]* نیعمەت... هۆی نیعمەت... ئەوانە هەموو لە فکری خۆیاندان. قسەکانیان بۆ من و تۆ نابێ!

**کەیخودا:** دیسان هاتییەوە؟!

**ئەسەدوڵڵا:** چیت دەوێ؟

**موحەڕەم:** خۆ کارم بە ئێوە نییە... لەگەڵ ئەومە.

**نیعمەت:** *[سەری هەڵدێنێ.]* چیت دەوێ؟

**موحەڕەم:** *[دەخزێتە نێوەڕاستی کۆڵانەکە.]* بۆچی خۆت تێکەڵی ئەمانە کردووە؟

**کەیخودا:** موحەڕەم... خۆ تۆ وا نەبووی... ئەمە چ کارێکە؟ بۆ مەگەم خەتای ئێمەیە بەراز لە زەوییەکەتی داوە؟

**ئەسەدوڵڵا:** هەندێ کەس ئاوان... ئەگەر لە شوێنێکەوە گەستران، وە دەزانن ئەگەر خەڵکیش بگەسترێن، لە ئێشی خۆیان کەم دەبێتەوە.

**موحەڕەم:** گوێت لێیە نیعمەت...؟ چاوت دەرێ! با نەگەسترابای! ئێستاش کە گەستراوی، حەقی خۆتە! *[پێدەکەنێ.]*

**کەیخودا:** بۆ خاتری خودا لێی ببڕەوە، لێمان گەڕێ با بزانین ئاخرێکەی چارە چییە.

**موحەڕەم:** دێی مام نیعمەت؟

**نیعمەت:** *[ئاخێز دەبێ.]* دەستم لێ هەڵگرە... چیت دەوێ ئەخر؟ *[کوتەکی یەکێک لە پیاوەکان هەڵدەگرێ کە هەڕای بکاتێ؛ بەڵام*

*جەماوەرەکە پێشی دەگرن. موحەڕەم دەردەچێ.]*

**کەیخودا:** دانیشە مام نیعمەت، خۆتی پێوە نارەحەت مەکە.

**نیعمەت:** لە بەیانییەوە زووخاوی پێ هەڵێناوم!

**ئەسەدوڵڵا:** ئێوە زۆر لێک جیاوازن... *[نیعمەت دەچێتە باڵ خۆیەوە.]*

**مام جەعفەر:** ماشەڵڵا، موحەڕەم بووژاوەتەوە! *[پێدەکەنێ.]*

**عەبدوڵڵا:** هەرکەس لەجیات ئەو بێ، شێت دەبێ... موحەڕەمی چارەڕەش... خودا بۆخۆی ڕەحمی پێ بکا.

**ئەسەدوڵڵا:** *[قامکی دێنێتە پێش لێوی و ئاماژە بە عەبدوڵڵا دەکا کە لەبەر نیعمەت، ئاگای لە قسەکانی بێ.]* دەی... وتمان...

**کەیخودا:** چیمان دەوت؟

**ئەسەدوڵڵا:** بیرێکم بە مێشکدا هاتووە...

**مام عەلی:** چ بیرێک؟

**ئەسەدوڵڵا:** دەڵێم چۆنە یەک دوویەکمان هەستین بچینە کوخاڵوو؟

**مام عەلی:** دەی جا؟

**ئەسەدوڵڵا:** خەڵکی کوخاڵوو باشتر شارەزان چۆن باشاریان بکەن... خۆ ئێمە هیچمان بە زەیندا نەهات... هەڵبەت، تا ئێستا قەتمان نەدیبوو تا بزانین... بەشەر دەبێ هەوەڵێ بەڵایەک بە سەر خۆی بێ، تا بزانێ چۆن...

**کەیخودا:** ئافەرەم ئەسەدوڵڵا، ئافەرەم... زۆر حیسێبی بوو!

**عەبدوڵڵا:** دەی، کێ بچێ؟

**ئەسەدوڵڵا:** ئەمن بۆخۆم دەچم.

**مام سەتار:** ئەمنیش ئامادەم... هەڵبەت ئەگەر بتانەوێ...

**کەیخودا:** چاکە... ئەم دووانەتان بچن... کەنگێ ڕێ دەکەون؟

**ئەسەدوڵڵا:** هەر ئێستاکە!

**مام سەتار:** ناگەینێ کاکە... شەوێ چۆن بگەڕێینەوە؟

**ئەسەدوڵڵا:** لەوێ دەبین، بەیانی دەگەڕێینەوە.

**مام عەلی:** ئەدی ئەگەر شتێک قەوما چی...؟ دەڵێم...

**کەیخودا:** ئیشەڵڵا هیچ ناقەومێ، دڵت چاک بێ. *[ئەسەدوڵڵا و جەماوەرەکە هەڵدەستن. تەنیا نیعمەت لە شوێنی خۆی لە سەر ئەژنۆ دانیشتووە.]*

**موحەڕەم:** *[لە کۆتایی کۆڵانەکەوە]* هۆی نیعمەت... لە جێی خۆت نەبزوێی ها! *[کەیخودا و ئەسەدوڵڵا ئاگاداری نیعمەت دەبنەوە، بۆ لای دەچن و بن‌پیلی دەگرن.]*

**کەیخودا:** هەستە با بڕۆین... ئەسەدوڵڵا و مام سەتار بە تەمان بچنە کوخاڵوو. *[نیعمەت هەڵدەستێ و موحەڕەم دەبینێ. هەمووان وە ڕێ دەکەون و نیعمەت لە کونی دیوارەکەوە سەیری نێو کەلاوەکە دەکا.]*

**نیعمەت:** *[بە هاوار]* هۆی...! سەیر بکەن...! هۆوە! هۆوانە!

**کەیخودا:** *[ئاگاداری کەلاوەکە دەبێتەوە.]* دەهۆڵەکان!

**جەماوەر:** *[هەموویان سەرێک لە کەلاوەکە دەنێن.]* دەهۆڵەکان! دەهۆڵەکان! *[موحەڕەم بە پێکەنینەوە بۆ لای کۆتایی کۆڵانەکە ڕا دەکا.]*

# 4

شەوە. دەهۆڵەکانیان لە ژێر سەیوانەکە لە پەنا یەکتر ڕیز کردووە. وەرەزیلییەکان بێ لە ئەسەدوڵڵا و مام سەتار، هەمووان کوتەکبەدەست لە دەوری یەک کۆ بوونەتەوە.

**مام غوڵام:** با ڕێ کەوین.
**کەیخودا:** ئادی، زووتر بڕۆن باشترە. ئەسەدوڵڵا و مام سەتاریش لێرە نین، دەبێ وشیارتر بین.
**مام عەلی:** *[دەهۆڵە گەورەکە دەست دەداتێ.]* کێ دەهۆڵە گەورەکە هەڵدەگرێ؟
**مام جەعفەر:** دەهۆڵە گەورەکە...؟*[پێیدەکەنێ.]* بیدەن بە مام نیعمەت!
**کەیخودا:** ئادی مام نیعمەت، تۆ دەهۆڵە گەورەکە هەڵگرە.
**نیعمەت:** من؟ بۆچی من هەڵیگرم؟
**مام عەلی:** ئەمە هی تۆیە... ڕۆژانی تازیەداریش بۆخۆت هەڵتدەگرت.
**نیعمەت:** ئەمن هەڵیناگرم.
**مام عەلی:** ئەمە هی خۆتە... ئەی کێ هەڵیگرێ؟
**مام غوڵام:** دەی باشە، هەڵیدەگرم... ئەمە شەڕی ناوێ.
**کەیخودا:** ئادی مام غوڵام، تۆ هەڵیگرە. *[مام غوڵام دەهۆڵە گەورەکە بە شانیدا دەدا. هەرکام لە پیاوەکان دەهۆڵێک دەست دەدەنێ. نیعمەتیش ناچار دەهۆڵێک بە شانیدا دەدا.]*

**کەیخودا:** بیسمیللای لێ بکەن... *[سەرەتا مام غوڵام و لە دوای ئەویشەوە ئەوانی دیکە دەهۆڵ‌لەشان و کوتەکبەدەست وەرێ دەکەون بۆ لای کۆڵانی لای ڕاستی پێشەوە و پاش هەموویانیش نیعمەت.]*

**موحەڕەم:** *[بە هەڵەداوان لە کۆڵانی لای چەپی پشتەوەڕا دێتە ژوورەوە.]* هۆی...! هۆی! ئەوە بۆ کوێ؟ بۆ کوێ دەچی؟

**کەیخودا:** لەگەڵ کێتە موحەڕەم؟

**موحەڕەم:** لەگەڵ تۆم نییە کەیخودا... لەگەڵ هۆوەمە... هۆی نیعمەت! بەتەمای کوێی؟

**نیعمەت:** *[ماوەیەک سەیری دەکا.]* بڕۆ... دە ون بە لە بەر چاوم!

**موحەڕەم:** ئەتۆ بۆ دەچی؟

**نیعمەت:** بە تۆ چی؟

**موحەڕەم:** دەچی ڕاویان بنێی؟

**عەبدوڵڵا:** چاکە تۆش موسڵمانی؟ بۆ لێ ناگەڕێی خەڵک وەدووی کاری خۆیان بکەون؟

**کەیخودا:** چاکە بۆ لێ ناگەڕێی؟ دەست هەڵگرە موحەڕەم، دەست هەڵگرە ئیدی!

**موحەڕەم:** هۆی نیعمەت... ئەو دەهۆڵەی دانێ... بە قسەم بکە.

**نیعمەت:** *[کتوپڕ، بە دەنگی بەرز]* دە لە کۆڵم بەوە! *[دەهۆڵەکە لە شانی دەکاتەوە و لە سەر ئەرزی دادەنێ و بە کوتەکەکەی هێرشی بۆ دەبا. موحەڕەم لە کۆتایی کۆڵانەکەدا بزر دەبێ.]* دە لاچوو لە پێش چاوم! هەتی بۆ دەستم لێ هەڵناگری!

**کەیخودا:** وەرە وێڵی بکە کاکە... لە کەللەی داوە... بە جارێکی شێت بووە...

**مام جەعفەر:** ڕاست دەکا... شێت بووە... وێڵی بکە...
*[نیعمەت دەگەڕێتەوە. ڕادەوەستێ... سەیری پیاوەکان دەکا... کوتەکەکەی دادەنێ و دەچێ لە پێش سەیوانەکە دادەنیشێ.]*
**کەیخودا:** مام نیعمەت... خۆتی پێوە نارەحەت مەکە... هەستە... هەستە وەڕێ کەوە... دێ درەنگ بێ ها!
**نیعمەت:** تازە پێم ناچێتە مەزرا.
**کەیخودا:** *[بە سەرسوڕمانەوە]* ناچی...؟ باشە بۆ؟
**نیعمەت:** *[نارەحەتە.]* ناچم ئیدی... نایەم.
**مام جەعفەر:** نایە ئیدی... پێی خۆشە لێرە بمێنێتەوە... چیتان لێی داوە؟ *[هەمووان بە بێدەنگی سەیری نیعمەت دەکەن.]*
**کەیخودا:** *[دەهۆڵەکەی نیعمەت هەڵدەگرێ.]* دەی... با بڕۆین... ئەمەیان بۆخۆم هەڵدەگرم... بۆخۆم دەیهێنمە مەزرایە.
*[هەمووان لە حاڵێکدا کە سەیری نیعمەت دەکەن، لە کۆڵانی لای ڕاستی پێشەوەی شانۆکە دەچنە دەرەوە. دواجار کەیخودا کە وە بن دەهۆڵەکە کەوتووە، لە دیمەنی شانۆکە دەچێتە دەرەوە. دیمەنەکە بەتاڵە. موحەڕەم دێتە ژوورەوە، دێتە نێوەڕاستی کۆڵانەکە، پێدەکەنێ. نیعمەت سەری هەڵدێنێ و زەق زەق چاو لە موحەڕەم دەبڕێ.]*

# 5

کەیخودا لە سەرەتای یەکێک لە کۆڵەکەکان دانیشتووە. مام عەلی و مام جەعفەر و عەبدوڵڵا لە شوێنی خۆیان و مام غوڵامیش لە پێش پلیکانەی لای ڕاستە. نیعمەت لە پێش کەلاوەکە دانیشتووە و چەناگەی ناوەتە سەر کۆڵەکەی دەستی، لە بێدەنگیدا سەیری جەماوەرەکە دەکا.

**کەیخودا:** زۆر حەیف بوو... زۆر حەیف بوو...
**مام عەلی:** هیچیشمان لە دەست نایە.
**کەیخودا:** ئەو بە ئێمە خاترجەم بوو، زەوییەکەی وێڵ کرد و ڕۆیشت.
**مام عەلی:** خەتای کەس نییە کەیخودا.
**عەبدوڵڵا:** ئەخر چۆن نەمانزانی...؟ لەکنەخۆ بە هەموومان کێشکمان دەدا.
**مام جەعفەر:** حەوت دەنک بوون... هەرکام بەقەد مانگایەک. کەڕەی بەیانی کە دەچوونە لای «کێوی زێنەب» دیتمن.
**کەیخودا:** دەڵێی دزن... بە بێدەنگێکی دێن، تاڵان دەکەن و دەڕۆن.
**مام جەعفەر:** جا ئێوە نەتاندیت چۆن بە قولەپسکێ دەڕۆیشتن... بە دوای یەکدا... ڕێک وەک تاوس.
**عەبدوڵڵا:** وا دیارە چیی دی لە دەنگی دەهۆڵیش ناترسن.
**کەیخودا:** ترسیان شکاوە. ئەوەندە لێرە و لەوێ لە زەویی خەڵکیان داوە،

لێی ڕاهاتوون.
**موحەڕەم:** *[کە لە کونی کەلاوەکەوە سەری هێناوەتە دەرەوە.]* گوێت لێیە نیعمەت...؟ تازە دەست لە وەرەزیل بشۆ... وردەوردە هەموو دێنە ئەم لایە... تۆزێک سەبرت بێ.
**ئەسەدوڵلا:** *[خۆشحاڵە.]* سەلاموعەلەیکوم.
**کەیخودا:** عەلەیکموسەلام و ڕەحمەتوڵلا. بە خێر بێیەوە. دەی، خەبەر و باس؟
**ئەسەدوڵلا:** خەبەری خۆش!
**عەبدوڵلا:** لە خەبەری خۆشدا بی.
**ئەسەدوڵلا:** کەس نەهاتووە لەدووم؟
**کەیخودا:** هێشتا کەس نەهاتووە... بۆ، چاوەڕێی کەسی؟
**ئەسەدوڵلا:** ئادی، قەرارە بە ئۆتۆمبیل بێن.
**مام عەلی:** بە ئۆتۆمبیل؟
**ئەسەدوڵلا:** هەر ئێستایە بگەنێ.
**کەیخودا:** چاکە دەقەیەک دانیشە بۆمان بگێڕەوە بزانین چوونە کوێ و چیتان کرد.
**ئەسەدوڵلا:** *[دادەنیشێ.]* دەڵێم... ئێمە لەخۆڕا گوێی خۆمان مات کردووە و پێ لە وەرەزیل نابەینە دەرێ ها!
**کەیخودا:** چۆن؟
**ئەسەدوڵلا:** بڕۆ سەیر کە بزانە گوندەکانی دەوروبەر چ باسە.
**مام عەلی:** چ باسە؟
**ئەسەدوڵلا:** کە گەیشتینە کوخاڵوو، بە سەری تۆ مام عەلی، حەپەساین!
**کەیخودا:** بە چی؟

**ئەسەدوڵڵا:** چۆنت بۆ باس بکەم... زەوییەکان سەرانسەر مۆردی سەوزن.
**کەیخودا:** ئەوە دەڵێی چی مام ئەسەدوڵڵا؟ خۆ لەوێ ساڵانێکە تاقە گیایەکیش شین نابێ، هێشوویەکیش ناڕوێ!
**مام غوڵام:** هەڵبەت، بەراز ناهێڵێ.
**ئەسەدوڵڵا:** ئەمنیش هەر سەرم لەمە سوڕ مابوو.
**مام عەلی:** دەی؟
**ئەسەدوڵڵا:** یەکسەر چووینە ماڵی مام نەسروڵڵا... ئەخر ئێستا ئەو بووەتە کەیخودا.
**کەیخودا:** ئێ! وەڵڵا نەمزانیبوو.
**ئەسەدوڵڵا:** زۆریشی سڵاوی ئێوە دەگەیاند.
**کەیخودا:** سڵامەت بێ... کە وایە پێویستە دوای چەند ساڵان بچم سەردانێکی بکەم.
**ئەسەدوڵڵا:** زۆری ڕێز گرتین. بێ ئێوە ناخۆش، دوێنێشەو...
**مام عەلی:** ئاخری نەمانزانی کارە گرینگەکە چیی لێ هاتەوە؟
**ئەسەدوڵڵا:** *[پێدەکەنێ.]* خەمت نابێ کاکە، هەمووی دەگێڕمەوە... مەسەلەکەم وردودرشت بۆ مام نەسروڵڵا گێڕایەوە... دواییش وتم هاتووین پرس بە ئێوە بکەین و بزانین مەسڵەحەت چییە.
**کەیخودا:** ئافەرەم ئەسەدوڵڵا... چاکت وتووە... زۆر چاکت وتووە!
**مام عەلی:** *[بە تامەزرۆییی]* دەی... پاشان؟ پاشان چ بوو؟
**ئەسەدوڵڵا:** پاشان وەڵڵا زۆرمان قسە کرد... دواجار مام نەسروڵڵا وتی...
**مام جەعفەر:** مام نەسروڵڵا کێیە؟

**مام عەلی:** کەیخودای کوخاڵوویە ئیدی! لێ دەگەڕێی قسەکەی بکا یان نا؟!

**مام جەعفەر:** ئەها...

**ئەسەدوڵڵا:** وتی ئێمە هەرچێکی هەمانە لە سایەسەری ئەم پاژگایەوەیە.

**مام عەلی:** پاژگا؟

**ئەسەدوڵڵا:** ئەخر ئەمە چوار ساڵە لە کوخاڵوو پاژگایان داناوە... چەند ئەفسەر و سەربازیشی لێیە.

**کەیخودا:** دەی جا؟

**ئەسەدوڵڵا:** دەی یانی چوار ساڵە ئەمنییەکان ئامبازیان بوون و ڕووبەڕوویان بوونەتەوە.

**مام سەتار:** هی بەرازەکان.

**کەیخودا:** *[کە تازە لە مەسەلەکە تێ گەیشتووە.]* ئەها! ئەها!

**ئەسەدوڵڵا:** بەڵێ... هەر لەوەتی بۆنی باڕووت لە دێیەکە گەڕاوە... هەموویان لێیانداوە ڕۆیشتوون. ئیدی لە قەرەکێو تاقە بەرازێکیش نابینی.

**مام سەتار:** یانی هاتوونەتە کێوی زێنەب.

**مام عەلی:** نەدەبوو کارێکیان کردبایە بچنە جێیەکی دی؟

**ئەسەدوڵڵا:** لەم دەوروبەرە، بێ لە کێوی زێنەب، هیچ پەناگەیەکی دیکە نییە... ئێستا زانیتان بۆچی چەند ساڵە بەرازەکان بە وەرەزیل وەربوون؟

**عەبدوڵڵا:** دە بڵێ ئەمە سەوقاتی کوخاڵوویەکانە ئیدی.

**کەیخودا:** جا ئەمە چیی بەوان داوە باوکی باوکم؟

**ئەسەدوڵڵا:** مام نەسروڵڵا وتی... تا تفەنگ نەبێ... تا بۆنی باڕووت نەیە، دەست هەڵناگرن.

**عەبدوڵڵا:** جا ئێمە لەو پەلەوهەلەیەدا تفەنگ و باڕووت لە کوێ بێنین؟

**ئەسەدوڵڵا:** خەمت نەبێ، هەر ئەودەم بیرم لێ کردووەتەوە.
**کەیخودا:** چۆن؟
**ئەسەدوڵڵا:** چووینە لای سەرکار و مەسەلەکەمان بۆ گێڕایەوە... وتی باشتر وایە ئێمە بچینە «وەن» لەدووی ڕاوچی.
**عەبدوڵڵا:** وەن؟
**ئەسەدوڵڵا:** ئادی... وتی بچنە ئەوێ، کەسێکی لێیە خەڵک پێی دەڵێن «موسیۆ»، ئەو کارەکەتان بۆ جێبەجێ دەکا... ئێمەش یاڵڵا چووینە وەن.
**مام عەلی:** ئاوا زوو چوون و گەڕانەوە؟
**ئەسەدوڵڵا:** چاکە ئەخر سەرکار، ئەفسەری پاژگاکە بە ئۆتۆمبیلی خۆی سواری کردین و بردینییە ئەوێ... زۆر پیاوێکی لەبەردڵان بوو.
**مام جەعفەر:** خودا پلەی زیاد کا.
**مام عەلی:** دەی لەوێ چ بوو؟
**ئەسەدوڵڵا:** جا چ بێ...؟ ئەخر موسیۆ دە پازدە ڕاوچیی زۆر باشی هەیە.
**عەبدوڵڵا:** مام ئەسەدوڵڵا، ئێمە چیمان بە بێگانە داوە...؟ دەتەوێ خودا ئەم پارووە نانەشمان لێ ببڕێ؟
**ئەسەدوڵڵا:** ئەخر برادەر، خۆ ڕاوچییەکانی بێگانە نین. جا کە باسم کرد بەراز بە وەرەزیل وەربوون، گەلێکیش کەیفی ساز بوو. دەیەویست مزگێنیمان داتێ. وتی سبەی دێم و...
**مام سەتار:** یانی ئەمڕۆ.
**کەیخودا:** ئەها... دەی لە سەر چ قەول و قەرارێک؟
**ئەسەدوڵڵا:** وتی خانوویەکی پاکوخاوێنیان پێ بدەن، لەگەڵ نان و چێشت و پیاوێکیش کە بە کارەکانیان ڕابگا.
**کەیخودا:** ئەدی چەندە وەردەگرن؟

**ئەسەدوڵڵا:** باسی پارەی نەکرد، تەنیا وتی تا دە یا ئەوپەڕی بیست ڕۆژی دیکە، قڕان لە بەرازان دەخەین... شتێکی دیکەشی وت...

**مام عەلی:** چیی وت؟

**ئەسەدوڵڵا:** وتی من بۆخۆم...

**مام سەتار:** پیرەپیاوە خاریجییەکە... موسیۆ...

**ئەسەدوڵڵا:** ئادی، موسیۆ بە چەند ڕۆژ جارێک سەرێک دەدا و کەلاکی بەرازەکان دەبا.

**عەبدوڵڵا:** ئەمانە بە گوندەکەمان فێر بن، تازە خێر و بەرەکەت هەڵدەگیرێ. جا ئەوە بۆخۆشتان دەبینن!

**ئەسەدوڵڵا:** چاکە خۆ لە بەراز خراپتر نین براله...! چ خۆشییەکی هەیە دایمە خەڵکی سارد دەکەیەوە؟!

**عەبدوڵڵا:** تۆ تێ ناگەی... تۆ تێ ناگەی ئەسەدوڵڵا!

**ئەسەدوڵڵا:** جارێ تا نەگەیشتوونەتێ، دەبێ جێیەکیان بۆ دابین بکەین.

**کەیخودا:** یەک لەو خانووە ئاغاوەتییانە چۆنە؟

**ئەسەدوڵڵا:** دەبێ، بۆ نابێ. *[هەمووان دەسووڕێنەووە. سەرەتا سەیری خانووی لای ڕاست و پاشان سەیری هی لای چەپ دەکەن.]*

**مام غوڵام:** دەبێ خاوێن بکرێتەوە. چەندین ساڵە کەس پێی تێ نەناوە.

**عەبدوڵڵا:** دەتانەوێ لێرەیان بگیرسێننەوە...؟ لە تەنیشت مزگەوت؟

**کەیخودا:** ئەی چییان لێ بکەین...؟ ئەگەر جێت هەیە، با بێنە ماڵی تۆ.

**عەبدوڵڵا:** ماڵی من...؟ ئەستەغفروڵڵا... ئەستەغفروڵڵا!

**مام غوڵام:** ئەی نان و چێشتیان؟

**ئەسەدوڵڵا:** دەبێ بیکەینە نۆبە... لەگەڵ کەیخودا قسەی لە سەر دەکەین.

**موحەڕەم:** *[سەری لە پشت کەلاوەکەوە دێنێتە دەرەوە و کە ئەسەدوڵڵا دەبینێ، بە دەنگی بەرز پێدەکەنێ.]* سڵاو ئەسەدوڵڵا. حاڵت باشە؟

**ئەسەدوڵڵا:** سڵامەت بی موحەڕەم... ئەوە هێشتا لەو کەلاوەیەدای؟

**موحەڕەم:** ئادی، تۆش نایەی؟

**ئەسەدوڵڵا:** ئەمن بۆ؟ *[موحەڕەم پێکەنینێکی بەدفەڕانە دەکا. جەماوەرەکە هەمووان چاویان لە ئەسەدوڵڵا بڕیوە.]*

**موحەڕەم:** وەرە... وەرە ئێرە... مام نیعمەتیش لێرەیە.

**ئەسەدوڵڵا:** *[نارەحەتە.]* چ بووە؟ *[بێدەنگیی جەماوەرەکە.]* ها...؟ چ قەوماوە؟

**موحەڕەم:** ئاگات لێ نییە چۆن سەیرت دەکەن؟

**ئەسەدوڵڵا:** زەویی من؟ ها؟ زەویی من...؟ دە قسان بکەن! *[سەرلێشێواو سەیری جەماوەرەکە دەکا. هەمووان سەریان بەردەدەنەوە. موحەڕەم بە دەنگی بەرز پێدەکەنی و دواجاریش دەنگی پێکەنینی نیعمەت دەبیسترێ. سەرنجام پێکەنینی مام جەعفەریش تێکەڵ بە دەنگیان دەبێ.]*

# 6

دەرگە و پەنجەرەی بینای لای چەپ کراوەیە و دەنگەدەنگی لێوە دەبیسترێ. موحەڕەم لە سەرەتای کۆڵانی لای چەپ، پاڵی بە سەکۆی بانگەوازەوە داوە و بێدەنگ پێدەکەنێ. ئەسەدوڵڵا نۆنوبانێکی گەورە بە کۆڵەوە، لە کۆڵانی لای ڕاستەوە وەدیار دەکەوێ.

**موحەڕەم:** ها... ئەسەدوڵڵا... ماشەڵڵا...! چاو چۆنی ئارەقە کردووە!
**ئەسەدوڵڵا:** *[خۆی قیت دەکاتەوە و سەیری دەکا.]* گوێ بگرە موحەڕەم: بە من ناوەستی.
**موحەڕەم:** دیارە... بەرازەکان پێت نەوەستان... ئەمن هەر هیچ... بەڵام شتێک...
**ئەسەدوڵڵا:** چی؟
**موحەڕەم:** ئەتۆ بۆ وا خۆتی پێوە ماندوو دەکەی...؟ ئەوان حەقیانە... ئەتۆ بۆ؟
**ئەسەدوڵڵا:** ئەوە چاتر کە تێ نەگەی... بچۆوە کەلاوەکەت! ئێرە جێی تۆ نییە... بۆخۆت زۆری لە خۆت دەکەی. *[دەچێتە لای پلیکانەی بیناکە. موحەڕەم چاوی لەگەڵ دەگێڕێ. بە شێووەیەکی شکستهێناو دادەنیشێ و بێدەنگ پێدەکەنێ. عەبدوڵڵا بە نۆنوبانەوە دێتە ژوورەوە.]*
**موحەڕەم:** خودا جەزای بەخێرت بداتەوە، لە دنیا و لە قیامەت! *[بە*

*سەربزێوی پێدەکەنێ.]*

**عەبدوڵڵا:** دیسان چییە موحەڕەم؟

**موحەڕەم:** هیچ... بیر لەمە دەکەمەوە کە تۆ پاش تەمەنێک نوێژ و ڕۆژوو، تووشی چ کارێک بوویی. خەریکی دۆشەک و لێفە بۆ چەند کافری بێدین دەبەی کە دیار نییە کێن و چ کارەن! تۆ بۆخۆت دوایی بێزت دێ بەمانەوە بخەوی؟ *[هەڵدەستێ و دێتە پێشەوە.]*

**عەبدوڵڵا:** *[دوودڵە.]* ئەمانە هی من نین... لەماڵی کەیخوداوە هێناومن.

**موحەڕەم:** بۆچی بۆخۆی نەیهێنان؟ ها...؟ گوناحە؟ ها؟ *[پێدەکەنێ.]* کەس بەقەد کەیخودا فێڵەزان نییە... دەزانی سبەیڕۆژێ لۆمەی بکەن دەڵێ چی؟

**عەبدوڵڵا:** دەڵێ چی؟

**موحەڕەم:** دەڵێ خۆ من نەمهێنا، مام عەوڵا هێنای... خۆ قسەکەیشی ڕاستە... دا پێم بڵێ بزانم تۆ لەم مزگەوتەدا زیاتر سەرت بە بەرماڵەوە ناوە یان ئەو؟ ئاوا پیاوی سەرشۆڕ دەکەن و لە پێش چاوی خەڵکی دەخەن.

**عەبدوڵڵا:** *[باوەڕی کردووە و نارەحەتە.]* جا دەڵێی چ بکەم؟

**موحەڕەم:** بە تۆ چی کاکە...؟ ئەوە خۆی و چەکدارەکان... دایاننێ و بڕۆ، بە سەری پیری هەر ئەوەت ماوە خزمەت بە کافری گڵاو بکەی؟ *[عەبدوڵڵا نۆنوبانەکە دەخاتە سەر ئەرز.]* چاو مام... تۆ کارت بە ئەسەدوڵڵا نەبێ... ئەمە وەک مارمێلکە وایە... قسەی خۆمان بێ...قەستەم بە خودا، ئەسەدوڵڵا لەگەڵ ئەو ڕاوچییانە دەستیان لە گۆزەیەکدایە... دیتت ئەودەمەی بیستی بەراز لە زەوییەکەی داوە، بە بای خەیاڵیشیدا نەهات...؟ هەر گوێیشی پێ نەبزووت! *[لە دوورەوە دەنگی ئۆتۆمبیل دێ. عەبدوڵڵا و موحەڕەم لە شوێنی خۆیان دەوەستن.*

*دەنگەکە هەر دێ و نزیک دەبێتەوە. دەنگی بووق و ئۆتۆمبیلە شرێک... دەنگی وەستانی ئۆتۆمبیلەکە... کەیخودا و مام غوڵام و ئەسەدوڵڵا گەسکبەدەست لە خانووە ئاغاوەتییەکە دێنە دەرەوە و لە لای سەرەوەی پلیکانەکان ڕادەوەستن. مام سەتار لە کۆڵانی لای ڕاستی پێشەوە و نیعمەت لە کۆڵانی لای چەپی پێشەوە وەدیار دەکەون. کەیخودا و ئەسەدوڵڵا بە دوو لای پلیکانەکەدا دادەبەزن. غوڵام لە سەر پلیکانەکەیە. دەنگی چەند هەنگاوی بەرز دەبیسترێ. سەرەتا مام جەعفەر و پاشان موسیۆ، پیرەپیاوێکی چاویلکەلەچاو، لە کۆڵانی لای ڕاستی پشتەوەڕا وەدیار دەکەون و دوابەدوایان دوو ڕاوچیی بەخۆوە و زل و ناقۆڵا کە هەرکام تفەنگێکیان بە دەستەوەیە و جانتایەکیان بە شاندا داوە دێنە ژوورەوە. چەکدارەکان لە پێش دەرگانەی کۆڵانەکە، لەملا و ئەولا ڕادەوەستن. پیرەپیاوەکە چەند هەنگاوێک دێتە پێشەوە. وەرەزیلییەکان و ڕاوچییەکان چاو تێک دەبڕن. موسیۆ سەیری جەماوەرەکە دەکا و کاتێک کە چاوی بە ئەسەدوڵڵا دەکەوێ، خۆشحاڵ دەبێ.]*

**موسیۆ:** *[بۆ ئەسەدوڵڵا]* سیلاو... سیلاو... هاوشاری!

# 7

دەمەو ڕۆژئاوابوونە. مام غوڵام لە سەرەوەی پلیکانەکە دانیشتووە. دەنگی پڕخەپڕخی ڕاوچییەکان لە بیناکەوە دێ. ئەسەدوڵڵا و کەیخودا لە کۆڵانی لای ڕاستی پشتەوەڕا دێن و بۆ لای پلیکانەکە دەچن.

**ئەسەدوڵڵا:** *[بە ئەسپایی]* هۆی مام غوڵام... هەڵتنەستاندن؟
**مام غوڵام:** جارێ نا... ڕایانسپاردووە تا شێوەکەیان ئامادە نەبێ، هەڵیاننەستێنم.
**کەیخودا:** ماشەڵڵایان لێ بێ، چەندە دەخەون!
**مام غوڵام:** ئەی بۆ خواردن ناڵێی! سەیرە هەرچەندی دەخۆن، تێربوونیان نییە!
**کەیخودا:** ماشەڵڵایان لێ بێ!
**ئەسەدوڵڵا:** *[ڕازییە.]* دەی چاکە کەیخودا، حیسێبی کە، شەوێ تا بەیانی ئەو دەشت و بیابانەی هەموو دەگەڕێن. ئەمن بۆخۆم تاقە شەوێک کە وەدووی ئاو دەکەم، تا حەفتێکی هەموو گیانم دێشێ. هیچ خەوێک جێی خەوی شەوێ ناگرێتەوە. بێ لەمە، کارەکەیان! بەرەنگاریی بەرازەکان! هاسان نییە برالە! ئەگەر ئاوا نەخۆن و نەخەون، خۆ دەرەقەتیان نایەن.
**کەیخودا:** *[هاوکات کە سەری بە نیشانەی پشتڕاستکردنەوە دەلەقێنێ.]* بەڵام چاکیان ئەنجنئەنجن کردوون! مام غوڵام، بریا دەرفەتت کردبایە و

چووبایە لای «چاڵاوی کەفتەروون»، سەیری کەلاکەکانیانت کردبایە... تەح...! هەر یەکەی بەقەد مانگایەکن! موسیۆ کە هات بیانبا، بۆچما کەس قەوەی پێیان دەشکا؟ بە گێرەوکێشە پێنج دەنکمان لە ئۆتۆمبیلەکەدا جێ کردەوە... دەرفەتت بوو بچوو سەیرێکی بکە... زۆر سەیرە!

**مام غوڵام:** پێم خۆشە... بەڵام پێیان وتووم لێرە نەبزوێم... هەڵدەستن و ئاویان دەوێ... تووتنیان دەوێ... هەزار شتیان دەوێ. دایمە دەبێ هەڵاتهەڵاتدا بم.

**کەیخودا:** دەی هەڵبەت پێویستیانە... چ چ چ... پیاو سەری لە کاری خودا سووڕ دەمێنێ! چاو چیی کردووە... ئەگەر ئەمانە نەهاتبایەن، تا ئێستا بەراز چل جار گوندیان بە پانەوە کاول کردبوو... چاک لەو بەڵایە نەجاتیمان هات!

**ئەسەدوڵلا:** دوو ڕۆژ خێراتر وەخۆ کەوتباین، ئێستا زەویی منیش ساخ بوو.

**مام غوڵام:** بە قوربانی چاوت بێ... بۆخۆت سڵامەت بی... ماڵی دنیا وەک چڵکی دەست وایە.

**کەیخودا:** چاکت وت مام غوڵام... ئافەرەم... هەر چڵکی دەستە، دەیشۆی و لێوە دەبێ، سبەی دیسان دێتەوە... پاشان، ماڵی دنیا وەفای بۆ کێ بووە؟

**ئەسەدوڵلا:** دەزانم کەیخودا، بۆ کەس... هەر کفنێک و دوو بست جاومان بۆ دەمێنێ... هەرچێکی بێ ئەمنیش هەر خەڵکی وەرەزیلم... ئەگەر وەرەزیل لە چنگ ئەو بەرازانە نەجاتی بێ... هەمووومان ڕزگار دەبین... وا نییە کەیخودا؟

**کەیخودا:** وایە. لە کۆنەوە وتوویانە «برینێک لە من نەبێ لە ئاواڵی،

وەکوو تیر دەن لە جەواڵی»... کێ لەو دنیایە دەگا...
**ئەسەدوڵڵا:** دیسان هەر شوکری خودا.
**موحەڕەم:** *[کە لە کۆڵانی لای چەپی پشتەوەڕا وەدیار کەوتووە.]* شوکرانەی چی دەکەی ئەسەدوڵڵا؟
**ئەسەدوڵڵا:** هی ئەمە کە هێشتا ئاقڵم سەلیمە.
**موحەڕەم:** چارەڕەش... ئەمڕۆ چووم زەوییەکەتم دیت... تەواو بۆیان کێڵاوی... *[پێدەکەنێ.]* هەڵبەت چاکە ئەمساڵ پووڵی گاسن و فەعلە نادەی. *[پێدەکەنێ.]*
*[دەنگی هەراوهۆریا دێ. لە کۆڵانی لای ڕاستی پێشەوەڕا، مام جەعفەر بە کاسەیەکی یەکجار گەورە و لە پشت سەرییەوە مام عەلی بە مەنجەڵێک پڵاو و پاشان مام سەتار سفرەیەک نان بە دەستەوە دێنە ژوورەوە.]*
**مام جەعفەر:** *[بە پێکەنینەوە]* هێنامان، جا با بخۆن!
**مام عەلی:** مەیکە هەڵڵا...! ئەمە خۆشحاڵیی ناوێ! *[مام غوڵام هەڵدەستێ و لە پلیکانەکە دێتە خوارەوە.]*
**مام جەعفەر:** تەمەشا ئەو ئاشەی... خۆزگەم بە خۆیان.
**مام غوڵام:** بێنە بیدە بە من... لەسەرەخۆ...
**موحەڕەم:** دەڵێم، تۆزێک لەم ئاشە بدەن بە ئێمەش... خۆ نابێ هەمووی ئەوانە بە سندانی بکەن.
**کەیخودا:** نابێ دەست لەمانە بدەی... هی ئەوانە.
**مام جەعفەر:** خۆزگەم بە خۆیان! *[بۆ مام غوڵام کە خەریکە لە پلیکانەکە وەسەر دەکەوێ.]* مام غوڵام! دەڵێم ئەگەر لە ئاخرێدا هیچ مایەوە... تۆخودا مەهێڵە ڕاپێچەک درێ. *[غوڵام بە کاسەکەوە لە بیناکە دەچێتە

*ژوورەوە.]*

**مام عەلی:** دە یارمەتیم دەن داینێم. *[کەیخودا و ئەسەدوڵڵا چاویان پێی دەکەوێ.]* ڕاوەستاون چاوم لێ دەکەن؟ *[مەنجەڵی پڵاوەکە لە سەر سەری مام عەلی وەردەگرن. مام عەلی بە مام غوڵام دەڵێ کە لە سەر پلیکانەکە ڕاوەستاوە:]* بۆیان ببە با بە سندانی بکەن!

**کەیخودا:** وا مەڵێ مام... ئەو چارەڕەشانە لەبەر خاتری ئێمە خۆیان ماندوو دەکەن. تۆش... نەخێر، نەوەڵڵا خودا هەڵیناگرێ.

**مام عەلی:** دەڵێی چی کەیخودا... ئەم برنجە بەشی سێ مانگی ماڵی من دەکا!

**ئەسەدوڵڵا:** تۆزیک لەسەرەخۆتر قسە بکە، مام عەلی.

**مام عەلی:** چییە؟ دەترسێی پێیان ناخۆش بێ؟

*[مام غوڵام مەنجەڵە پڵاوەکە هەڵدەگرێ و لە پلیکانەکان وەسەر دەکەوێ. نیعمەت لە کۆڵانی لای چەپی پێشەوەڕا وەدیار دەکەوێ و ڕادەوەستێ سەیریان دەکا.]*

**ئەسەدوڵڵا:** ئەدی... ئەگەر لێدەن بڕۆن... ئەودەم چ دەکەی؟

**موحەڕەم:** ئەمەش هەیە...چ دەکەن؟ *[پێدەکەنێ.]* هۆی نیعمەت... ئاگات لێیە کاری خودا چەند جوانە؟ *[مام غوڵام دیسان بە پلیکانەکەدا بەرەو خوارەوە دێ.]*

**مام سەتار:** هانێ... ئەمشەو دووهێندەی دوێنێشەوم هێناوە... کەمکەمەکەی پووتێک نانە.

**عەبدوڵڵا:** *[بە سەتڵێکی گەورەوە لە کۆڵانی لای ڕاستی پێشەوەڕا وەدیار دەکەوێ، دێتە نێوەڕاستی گۆڕەپانەکە و سەتڵەکە دادەنێ.]* ها ئەمەش دۆ. تەمەشا بە سەری پیری تووشی چ بوویین... ئەوەندە ئیمانەشمان

چوو.
**کەیخودا:** ئەمە چ قسەیەکە مام...!
**عەبدوڵڵا:** چوو ئیدی، چوو.
**موحەڕەم:** بۆخۆت خۆت تێوەردا پیاوی چاک، خۆ کەس ناچاری نەکردبووی.
**عەبدوڵڵا:** ئەدی نەمهێنابا چیم لە دەست دەهات؟ *[مام غوڵام لە پلیکانەکان دێتە خوارەوە. سەتڵە دۆیەکە دەباتە سەرەوە.]*
**ئەسەدوڵڵا:** چاکە خۆ ئەمانە نۆکەری باوکمان نین. خۆیان بۆ ئێمە ماندوو دەکەن. ئێمەش ئەوەندەیە دەبێ زگیان تێر بکەین و تەواو. هیچی دیکەشیان ناوێ... پیاو چاکە ئینسافی بێ. *[کتوپڕ دەنگی پڕخەپڕخ دەبڕێتەوە.]* پێموایە خەریکن لە خەو هەڵدەستن... بێدەنگ بن با بزانین. *[دەنگی پێکەنینی ڕاوچییەکان و پاشان بێدەنگی. مام غوڵام دێتە سەر پلیکانەکە و پەنجەی دێنێتە پێش لێوی و ئاماژە دەکا بێدەنگ بن.]*
**ئەسەدوڵڵا:** *[دەچێتە پێشەوە و لەسەرەخۆ لە مام غوڵام دەپرسێ.]* خەریکی چین؟
**مام غوڵام:** بەتەمان بخۆن.
**ئەسەدوڵڵا:** ئەها! بەتەمان بخۆن! لییان گەڕێ با بخۆن. نوێشی گیانیان بێ.
**کەیخودا:** ماشەڵڵا، سەت ماشەڵڵا! *[هەمووان بێدەنگ دەبن. دەنگی هەراوزەنایەکی سووک لە سەرانسەری گوندەکەوە دێ.]*
**موحەڕەم:** نیعمەت... گوێت لێیە...؟ گوێت لەو دەنگانە دەبێ؟
**نیعمەت:** ئادی گوێم لێیە.
**موحەڕەم:** دەنگی چییە؟

**نیعمەت:** هانکەهانکیانە ئیدی.

**موحەڕەم:** نا، گوێ بگرە... دەنگی نرکەنرکی کوانووەکانە... خەریکن چێشتی سبەینێی ئەم ڕاوچییانە لێ دەنێن. *[پێدەکەنێ.]*

**مام غوڵام:** تۆزێک لەسەرەخۆتر موحەڕەم... تۆزێک لەسەرەخۆتر... هەستاون و بەتەمان نان بخۆن!

*[هەمووان بێدەنگ بوون و گوێیان شل کردووە. سەرەتا دەنگی مڵچەمڵچ... پاشان هەراوزەنا... پاشان نەڕاندن و هاوار... کتوپڕ سەری ڕاوچییەکان لە دوو پەنجەرەوە وەدیار دەکەوێ، بێدەنگ سەیری خەڵکەکە دەکەن و پاشان پێکەوە دەنەڕێنن. خەڵک بە ترسەوە دەکشێنەوە.]*

**ڕاوچیی یەکەم:** ئەمە چییە؟

**ڕاوچیی دوویەم:** گاڵتەمان پێ دەکەن؟

**ڕاوچیی یەکەم:** بۆ مەگەم ئێمە منداڵین بەمانە تێر بین؟

**ڕاوچیی دوویەم:** بەڵێنتان داوە و دەبێ تێرمان بکەن.

**ڕاوچیی یەکەم:** ئەدی کوا ماست؟

**ڕاوچیی دوویەم:** پەنیر کوا؟

**ڕاوچیی یەکەم:** خۆرشت کوا؟

**ڕاوچیی دوویەم:** کەبابی دووگ... کەبابی دووگ کوا؟

# 8

دیمەنی شانۆکە بەتاڵە. دەنگی پڕخەپڕخی ڕاوچییەکان بەرزتر لە دیمەنی پێشوو، لە بیناکەوە دەبیسترێ. دەنگی ئۆتۆمبیلێک دێ و دەوەستێ. پاش ماوەیەکی کورت، موحەڕەم لە کۆڵانی لای چەپی پشتەوەڕا وەدیار دەکەوێ. دێ دەوەستێ و گوێ شل دەکا. دەنگی پڕخەپڕخەکە شێواز و ڕیتمێکی تایبەت وەردەگرێ. موحەڕەم بە سەرسوڕمانەوە سەیری سەرەوە دەکا. میسیۆ لە کۆڵانی لای ڕاستی پشتەوەڕا دێتە ژوورەوە.

**موسیۆ:** هاوشاری... سیلاو... سیلاو!

**موحەڕەم:** ئەوە تۆی پیرەپیاو؟

**موسیۆ:** بەڵێ ئەمنم... بەڵام ئەو خەڵکە لە کوێن...؟ کەس دیار نییە...؟ چوونە کوێ؟

**موحەڕەم:** *[دێتە پێشەوە.]* بۆ چیتن؟

**موسیۆ:** کارم پێیان هەیە!

**موحەڕەم:** هەمووان چوونەتە مەزرا.

**موسیۆ:** ئەمنیش لەوێ دەگەڕێمەوە... کەسی لێ نەبوو!

**موحەڕەم:** دە ئەگەر وایە هەڵبەت چوونەتەوە ماڵەکانیان.

**موسیۆ:** ماڵەکانیان...؟ بۆچی؟

**موحەڕەم:** چوونەتە مدبەقەکانیان... لای کوانووەکان...

**موسیۆ:** چوون چ بکەن؟

**موحەڕەم:** یانی تۆ خەبەرت نییە؟

**موسیۆ:** نەوەڵڵا، چۆن بزانم!

**موحەڕەم:** کە لە دوورەوە دەهاتی، ئەو دووکەڵەت نەدیت لە وەرەزیل هەڵدەستێ؟

**موسیۆ:** *[سەیرێکی دەوروبەر و ئاسمان دەکا.]* دووکەڵ؟ *[چاویلکەکەی لادەبا و دیسانەوە سەیری ئاسمان دەکا.]* ئەها... دووکەڵ یەکجار زۆر بووە...؟ دووکەڵ بۆ زۆر بووە؟

**موحەڕەم:** دووکەڵی کوانووەکانە ئیدی... مەنجەڵەکانیان وەسەر ناوە و خێراخێرا دەیانکوڵێنن، دەیانکوڵێنن زگی ئەوانەی پێ تێر بکەن.

**موسیۆ:** زگی کێ؟

**موحەڕەم:** ئەو دوو دیاری و سەوقاتەی تۆ هێناوتن.

**موسیۆ:** ئەها... ئەها...! یانی چوون شێو دروست بکەن... زۆر باشە... زۆر باشە! *[دەمولێوی دەلێسێتەوە.]*

**موحەڕەم:** زارت ئاوی لێ هات ها؟ خۆ بەشی تۆ لە هەمووان زیاترە... ڕاستم پێ بڵێ دەی!

**موسیۆ:** ها...؟ چ بڵێم؟

**موحەڕەم:** ئەمانە چین؟

**موسیۆ:** کێ چییە؟

**موحەڕەم:** ئەم جووتە.

**موسیۆ:** بۆ نازانی؟ ڕاوچین ئیدی!

**موحەڕەم:** ڕاستییەکەیم پێ بڵێ!

**موسیۆ:** بۆ تۆ فکر دەکەی چین؟
**موحەڕەم:** وەڵڵا چاک نازانم... بەڵام هەرچێکی بن، جیاوازییەکی وایان لەگەڵ بەرازەکان نییە.
**موسیۆ:** *[پێدەکەنێ.]* زۆر فیڵەزانی ها... ئەگەر بۆیان بگێڕمەوە... ڕەنگە زۆر پێبکەنن... ناوت چییە...؟ قەت نەمدیتبووی... لە کوێ بووی؟
**موحەڕەم:** هەر لەم دەوروبەرە.
**موسیۆ:** وەرە با بڕۆین یەک دوو کەس ببینینەوە.
**موحەڕەم:** بچینە کوێ؟
**موسیۆ:** دەچینە لای چاڵاوی کەفتەروون. کۆمەکم بکە کەلالەکان بار بکەین.
**موحەڕەم:** ئەمە کاری من نییە... ئەمن وەلا نێ... بڕۆ لای ئەوانی دی.
**موسیۆ:** ئەو درێژە کوا؟
**موحەڕەم:** مام غوڵام دەڵێی؟ چووەتە سەر چاڵاو ئاو بۆو جووتە بێنێ.
**موسیۆ:** خۆ کەس دیار نییە... باشە کەلاکەکان چۆن بار بکەم؟
**موحەڕەم:** ئێستا وەختی ئاوخواردنەوەیانە... *[سەیری سەرەوە دەکا.]* بەڵێ، ئێستا جەنگەیەتی تینوویان بێ.
**موسیۆ:** کێ تینووی بێ؟
**موحەڕەم:** ئەم جووتەی تۆ ئیدی... هەر ئێستاکە ئاویان بۆ دێنن.
*[پیاوەکان ماندوو و لە حاڵێکدا کە ئارەقەیان لێ دەچۆڕێتەوە، بە ڕیز: ئەسەدوڵڵا، کەیخودا، مام غوڵام، مام سەتار، مام عەلی، مام عەبدوڵڵا و خەڵکەکەی دیکەی گوندەکە، لە حاڵێکدا کە هەندێکیان دەلینگی پانتۆڵەکەیان هەڵکردووە و هەرکام دوو سەتڵ ئاویان بە دەستەوەیە، لە کۆڵانی لای ڕاستی پشتەوەڕا دێنە ژوورەوە. کە چاویان بە موسیۆ*

*دەکەوێ، دەحەپەسێن. سەتڵەکان دادەنێن و دەچن لە لایەک کۆ دەبنەوە. موحەرەم سەتڵەکان نیشانی موسێۆ دەدا. هەردووکیان پێدەکەنن. دەنگی پڕخەپڕخ لەناکاو دەبڕێتەوە. هەموان دەڕواننە بیناکە.]*

# 9

شەوە. ڕاوچییەکان چوونەتە مەزرا. وەرەزیلییەکان لە ژێر سەیوانەکە هەرکام لە شوێنی خۆیان دانیشتوون. هەندێکیان فانووسیان لە تەنیشتە. هەر کەس کوتەکێکی گەورەی لە پاڵە. قاپ و قابڵەمەی بەتاڵی چێشت لە پێش سەیوانەکە هەڵچنراون. مام غوڵام لە تەنیشت پلیکانەکە دانیشتووە.

**مام عەلی:** ئەمن ئیدی بە جارێکی ڕووتاومەوە. هەر هیچم نەماوە.
**عەبدوڵڵا:** بۆ من هیچم ماوە؟
**مام جەعفەر:** *[پێدەکەنێ.]* ماشەڵڵا هەرچی هەبوو و نەبوو خواردیان!
**مام عەلی:** دەبێ چارەیەکی بکەین... دەڵێن چ بکەین؟ *[یەکەیەکە سەیری خەڵکەکە دەکا.]*
**مام سەتار:** خۆ من هەر لە هەوەڵێوە وتم... ئاقڵم بە شتی وا ناشکێ... ئێوە چۆنتان پێ باش بێ، قەبووڵمە.
**ئەسەدوڵڵا:** جارێ دەبێ ددان بە خۆدا بگرین و سەبری لێ بکەین.
**کەیخودا:** ئادی... چارە چییە؟
**مام عەلی:** خۆ بەرازیش نەماوە... بیانووی چییان هەیە؟ حەفتەیەکە هیچ بۆ کەلێنی ددانانیش پەیدا نابێ لەم گوندە... هەموومان بە ئاواتەوەین تێر بە زگی خۆمان نان بخۆین... خودا بۆخۆی ئاگادارە تاقە

پنجە ئێڕەماسییەکیش لە زەوییەکەمدا نەماوە... هەموویانم لە ڕیشەوە دەرهێناوە... ئێڕەماسییەکان تازە بەقەد دەنکە گێوژێکیان لێ هاتووە... مانگێکی دیکەیان ماوە... پنجی وا هەیە هێشتا ڕیشەی دانەکوتاوە... *[موحەڕەم و نیعمەت لە کۆڵانی لای چەپی پشتەوەڕا وەدیار دەکەون و هەر لەوێش دەوەستن.]* چاکە بەرازەکان هەروا بە کاڵی دەیانخوارد، ئێستا دەبێ بچین... بە پێمەڕان خەریکی زەوییەکە بین... دەریبێنین، بیشۆینەوە، پاکی بکەین، بیکوڵێنین، بیهێنین بیدەین بەمانە *[مام عەبدوڵلا و مام سەتار و مام عەلی پێکەوە:]* کە بیخۆن.

**عەبدوڵلا:** خۆ زگ زگ نییە، گۆمی بێنە!

**مام عەلی:** ئەمن کارم پێی نییە ئەسەدوڵلا... ئەتۆ ئەمانەت هێناوەتە ئێرە... بۆخۆشت دەبێ چارەیان کەی... ئەوە سێ ڕۆژە بەراز پەلاماری هیچ کوێیان نەداوە... یانی نەماون تا پەلامار بدەن...

**مام سەتار:** ڕاست دەکا. لەمێژە چیدی دەنگی گوللە نایە.

**مام عەلی:** هەرچۆنێکی بێ ڕایانده با بڕۆن... ئیدی پێوەندیی بە ئێمەوە نییە... ئەگەریش ناڕازیی، بۆخۆت بەتەنێ تێریان بکە.

**موحەڕەم:** چی؟ بڕۆن؟ بۆ کوێ؟ میوان خۆشەویستی خودایە.

**مام عەلی:** ئەتۆ دەمت ببەستە!

**نیعمەت:** ڕاست دەکا مام عەلی... پیاو خۆ میوانی دەر ناکا.

**عەبدوڵلا:** ئەم جووتەتان نازانن ئێمە تووشی چ بەدبەختییەک بووین... ئێوە خۆ تێ ناگەن دەردمان چییە.

**مام عەلی:** ئەگەر ئێوەش ناچار بووبایەن جەمێکیان نان بدەنێ، ئەودەم دەتانزانی چ باسە.

**موحەڕەم:** *[بۆ نیعمەت]* تێ ناگەم مام نیعمەت، نازانم بۆ هەندێ کەس

ئاوان... ئەگەر گەستران، پێیان وایە ئەگەر خەڵکیش بگەسترێن، ئێشی خۆیان کەم دەبێتەوە.

**ئەسەدوڵڵا:** *[کوتەکەکەی هەڵدەگرێ.]* دە ون بن دەی! *[موحەڕەم خۆی لادەدا. نیعمەت و موحەڕەم پێدەکەنن.]*

**کەیخودا:** لە کۆڵمان بەوە موحەڕەم، تۆش خێراخێرا برینمان مەکولێنەوە.

**موحەڕەم:** بە مام عەبدوڵڵا بڵێن بپارێتەوە، جێبەجێ دەبێ.

**عەبدوڵڵا:** *[کوتەکەکەی دەهاوێتە لای موحەڕەم.]* ئەمجارە نۆبەی منە تێم هەڵپێچی؟

**ئەسەدوڵڵا:** لەسەرەخۆ کاکە، لەسەرەخۆ!

**مام غوڵام:** *[هەڵدەستێ.]* ئەوە دێن! *[هەمووان هەڵدەستن. ڕاوچییەکان تفەنگ بە دەستەوە لە کۆڵانی لای ڕاستی پشتەوەڕا دێنە ژوورەوە.]*

**ڕاوچیی یەکەم:** ئیدی بەراز تەواو بوو!

**کەیخودا:** تەواو بوو؟ یاڕەببی خودایە شوکرت... ماڵتان ئاوەدان بێ و دەست و پەنجەتان خۆش بێ.

**مام عەلی:** ئەمجارە ئیدی موسیۆ بە دەستی بەتاڵ دەگەڕێتەوە. *[هەمووان پێدەکەنن.]*

**ئەسەدوڵڵا:** بەڕاستی پێوەمان ماندوو بوون!

**کەیخودا:** ماندوو نەبن. دەستتان نەیەشێ.

**ڕاوچیی یەکەم:** ئێستا وەختێتی تەواو بحەسێینەوە.

**ڕاوچیی دوویەم:** هەشت نۆ دە ڕۆژ دەبێ تەخت بۆی بخەوین.

**مام عەلی:** بخەون؟ لە کوێ بخەون؟

**ڕاوچیی یەکەم:** ئەم چەند ڕۆژە ئەوەندە وەدووی بەراز کەوتووین،

سیرمەکێش بووبین!

**ڕاوچیی دوویەم:** چاوت لە قووڵ کەوتوون، کز بوویی!

**ڕاوچیی یەکەم:** تۆش هەروا.

**ڕاوچیی دوویەم:** دەبێ چەند ڕۆژان بە خۆمان ڕابگەین... خواردنی چاک! حەسانەوە! *[بۆ لای پلیکانەکە دەچن.]*

**عەبدوڵڵا:** *[بە سەرسوڕمانەوە بۆ ئەوانی دیکە]* بەتەمای چین؟

**موحەڕەم:** بەتەمان بخۆن و بخەون... ئادی، بەتەمان بخۆن و بخەون! *[نیعمەت پێدەکەنێ. مام غوڵام بە فانووسەوە لە پلیکانەکە دەچێتە سەرەوە. ڕاوچییەکان بە لۆژەلۆژ دەچنە نێو بیناکەوە.]*

**مام عەلی:** *[بۆ ئەسەدوڵڵا.]* نەخێر...! دیسان هاتینەوە سەر حولەمەرەسە! تازە بەتەمان بە خۆیان ڕابگەن!

**عەبدوڵڵا:** چاکە قوڕی کوێ بکەینە سەر؟

**مام جەعفەر:** ماشەڵڵا چەندیش بە کەیفودەماخ هاتوونەتەوە...! ها کەیخودا؟ *[پێدەکەنێ.]*

**کەیخودا:** مەگەم خودا بۆخۆی ڕەحمێک بکا! *[دەستی بەرەو ئاسمان بەرز دەکاتەوە. غوڵام بە فانووسەوە لە پلیکانەکە دێتە خوارەوە و بۆ لای جەماوەرەکە دەچێ. ڕاوچییەکان لە پەنجەرەکانەوە وەدیار دەکەون.]*

**ڕاوچیی یەکەم:** هۆی... ئێڕەماسیی کوڵاومان بۆ بێنن!

**ڕاوچیی دوویەم:** تۆزێک مەشکەفی... بە کاکڵەوە... نانی شیرماڵیشی لەگەڵ بێ!

**مام عەلی:** تازە سەعاتێکە نانی شەوێتان خواردووە... هێشتا قاپەکانمان نەشوردووە! *[قاپەکان نیشان دەدا.]*

**ڕاوچیی یەکەم:** وتم ئێڕەماسیی کوڵاو!

**ڕاوچیی دوویەم:** کەبابی دووگ! کەبابی دووگ!

دیمەنی شانۆکە بەتاڵە. دەنگی پڕخەپڕخی ڕاوچییەکان بەرزە. سەرەتا موسیۆ و پاش ئەویش وەرەزیلییەکان دێنە ژوورەوە.

**موسیۆ:** *[لە حاڵێکدا کە هەمووان دەورەیان داوە و گوێیان ڕاگرتووە.]* ئای‌ئای! خۆ خەوتوون!

**ئەسەدوڵڵا:** شەو و ڕۆژێکە خەوتوون.

**مام عەلی:** هەر وەختی خواردن وەدیار دەکەون. دەخۆن، دەخۆن، دەخۆن، دیسان دەخەونەوە... نازانم بۆ ناقڵەشێن!

**عەبدوڵڵا:** دە بۆ ناڵێی چۆنیش دەخۆن! *[شیی دەکاتەوە.]* بۆ نموونە ئەگەر ئەمڕۆ سفرەیەک نان بخۆن، بۆ سبەی دەبێتە دوو سفرە... دووسبەی دەبێتە چوار دانە... ڕۆژەکەی دی دەبێتە هەشت سفرە، هەر ئاوا بۆ پێشەوە!

**مام جەعفەر:** *[بە پێکەنین و سیمایەکی دادپەروەرانەوە]* ماشەڵڵایان لێ بێ، ئیشتیای چاکیان هەیە!

**ئەسەدوڵڵا:** ئێستا بە تەمای چیی موسیۆ؟

**موسیۆ:** ئەمن بە تەمای بەرازبردنەوە هاتبووم... بەڵام خۆ ئەمانە هیچیان نەکوشتووە.

**کەیخودا:** دە خۆ نەماوە تا بکوژن... کە نەبێ، لە چی دەن؟

**ئەسەدوڵڵا:** بە جێی بەراز، خۆیان هەڵگرە بیانبە.

**موسیۆ:** شتی وا چۆن دەبێ...؟ ئەمن ئەوە دەچمە «ئیسپرەخون».
**مام جەعفەر:** ئەوێ بۆ دەچی؟
**موسیۆ:** چەند ڕۆژێکە بەراز چوونەتە کێوی چەخماق... هاتوون لە دووم، منیش دوو ڕاوچیم برد... ئێستاش دەچم کەلاکەکان بار بکەم بیانبەمە «وەن».
**ئەسەدوڵڵا:** ئەدی ئەمانە چ دەکەی؟
**موسیۆ:** کارم پێیان نییە.
**ئەسەدوڵڵا:** ئێمە چیدی کارمان پێیان نەماوە... کەنگێ دەیانبەی؟
**موسیۆ:** بە من چی...؟ هەروەخت کەیفیان لێ بێ، بۆخۆیان دەڕۆن.
**ئەسەدوڵڵا:** یانی تۆ نایانبەی؟
**موسیۆ:** من سەد دانە کارم هەیە هاوشاری... سەد دانە کار! *[موحەڕەم لە کۆڵانی لای چەپەوە وەدیار دەکەوێ.]*
**موحەڕەم:** هۆ پیرەپیاو...! دیسان وەدیار کەوتوویەوە خۆ! *[دێتە نێو گۆڕەپانەکە.]*
**موسیۆ:** سیلاو...! *[پێدەکەنێ.]* چیت وت...؟ *[پێدەکەنێ.]* ئەوێ ڕۆژێ چیت وت؟ ئەها، وتت ئەمانە فەرقێکی وایان لەگەڵ بەراز نییە؟ *[قاقا لێدەدا.]* ئەی فێڵەزان...! زۆر فێڵەزانی ها!
**ئەسەدوڵڵا:** گوێ بگرە... هەرچۆنێکی بێ دەبێ ئەمانە لێرە لابەی! *[موحەڕەم دەڕوا پاڵ بە کۆڵەکەی سەیوانەکەوە دەدا.]*
**موسیۆ:** *[جیددییە.]* خۆ وتم سەد دانە کارم هەیە!
**ئەسەدوڵڵا:** ئەدی ئێمە چ بکەین؟
**موسیۆ:** ئەمن نازانم!
**ئەسەدوڵڵا:** ئەم جووتە ماڵوێرانیان کردووین... هەرچێکی هەمانبوو

خواردیان... دارونەدارمان کردە نان و لە زگی ئەم جووتەمان ئاخنی... خەریکە وەسواڵ دەکەوین...بەسە ئیدی!

**موحەڕەم:** کوڕە کاکە، بۆخۆتان سڵامەت بن... ماڵی دنیا وەک چڵکی دەست وایە، ئەمڕۆ بیشۆیەوە دەڕوا، سبەی دیسان دێتەوە.

**ئەسەدوڵڵا:** لێ دەگەڕێی قسەکەم تەواو بکەم؟

**موسیۆ:** *[بە پێکەنینەوە]* ئەی فێڵەزان...! زۆر فێڵەزانە ها!

**موحەڕەم:** *[بۆ خەڵکەکە]* بێ لەمەش... ماڵی دنیا وەفای بۆ کێ بووە؟

**ئەسەدوڵڵا:** ئەتۆ دەڵێی چی؟ خۆ تۆ هەر لە هەوەڵەوە خۆت وەلا نا.

**موحەڕەم:** پیاو دەمرێ، خۆ کفنێک و دوو بست جاو زیاتر لەگەڵ خۆی نابا.

**جەماوەر:** *[بە هەڕەشە]* ون بە یاڵڵا!

**موحەڕەم:** بچمە کوێ...؟ ئێوە نایەن؟ *[ئاماژە بە کەلاوەکان دەکا.]* جێی هەمووتان دەبێتەوە.

**جەماوەر:** *[دەچنە پێشەوە.]* دە لاچوو لامەسەب!

**موحەڕەم:** بە گاڵتەم نییە... بە مەرگی هەمووتان بە ڕاستمە!

**جەماوەر:** *[لە حاڵێ پەلاماردانی موحەڕەمدا.]* جا کە وای لێ هات، وەرە بە ملی شکاوت بە جارێکی لە وەرەزیل دەرکەوە... لە بنی کوولەکەی دە، بزانین چیت دەوێ... هەتیوە لامەسەبە...!

*[هێرش بۆ موحەڕەم دەبەن. موحەڕەم بە کۆڵانی پشتەوەدا ڕا دەکا. خەڵک وەدووی دەکەون. موسیۆ قاقا پێدەکەنێ، چاویلکەکەی لادەبا و بە دەسرە، ئاوی چاوی دەسڕێتەوە. دەنگوهەراکە دوور دەبێتەوە. پڕخەپڕخی ڕاوچییەکان دیسان بەرز دەبێتەوە.]*

دیمەنی شانۆکە بەتاڵە. هەراوزەنای جەماوەر نزیک دەبێتەوە. لە کۆڵانی لای ڕاستی پشتەوەڕا وەرەزیلییەکان کوتەکبەدەست و تووڕە دەڕژێنە نێو گۆڕەپانەکە و تێکڕا دەگوڕێنن.

**جەماوەر:** *[کوتەکەکانیان هەڵێناوە و دەیجووڵێننەوە.]* هۆی...! هۆی...! هۆو!

**مام غوڵام:** *[بە شڵەژاوی لە سەر پلیکانەکە وەدیار دەکەوێ و پەنجەی دێنێتە پێش لێوی.]* سەبر...! چ باسە؟!

**ئەسەدوڵڵا:** وەرە خوارەوە مام غوڵام.

**کەیخودا:** چیدی پێویست ناکا کاریان بۆ بکەی.

**مام غوڵام:** چاکە چ قەوماوە؟

**ئەسەدوڵڵا:** وەرە خوارەوە!

**مام غوڵام:** ئەدی ئەگەر وەخەبەر بێن و نەمبیننەوە؟

**ئەسەدوڵڵا:** ئیدی پێویست نییە وەخەبەر بێن. بۆخۆمان وەخەبەریان دێنین. *[مام غوڵام دێتە خوارەوە. ئەسەدوڵڵا کوتەکێکی پێ دەدا. مام غوڵام لە بێدەنگیدا سەیری هەمووان دەکا. ئەسەدوڵڵا لە پلیکانەی بینای بەرامبەر وەسەر دەکەوێ.]* هۆی وەرەزیلییەکان...! شەو داهات... درەنگە... *[دێتە خوارەوە.]*

**جەماوەر:** هۆی...! هۆی...!

**ئەسەدوڵلا:** وەرنە خوارەوە.
**عەبدوڵلا:** بە ملی شکاوتان لێرە بڕۆن.
**جەماوەر:** یاڵلا دەی بە ملی شکاوتان.
**ئەسەدوڵلا:** جەحەندەمتان لێ پڕ بێ... یاڵلا وەرنە دەرێ...! هەر تێر نەبوون؟ *[لە پلیکانەکە نزیک دەبنەوە. دەبنە دوو بەش و لە پلیکانەکە دەچنە سەرەوە.]*
**عەبدوڵلا:** ون بن دەی!
**مام عەبدوڵلا:** جەحەندەمتان لێ پڕ بێ.
*[بە مست لە دەرگەکە دەدەن و هەراوهۆریایانە. لە دوو پەنجەرەوە سەری ڕاوچییەکان دەردەکەوێ. ڕوخساریان زل و هەڵمساوە. لە جەماوەرەکە ڕادەمێنن. جەماوەرەکە لەسەرەخۆ لە پلیکانەکان دێنە خوارەوە و لە نێوەڕاستی گۆڕەپانەکە کۆ دەبنەوە. موحەڕەم لە کۆڵانی پشتەوەی دیمەنەکەوە دێ و ڕادەوەستێ تەماشا دەکا. بێدەنگییەکی تەواو.]*
**ئەسەدوڵلا:** ئێمە ئیدی هیچمان نەماوە بتاندەینێ بیخۆن.
**کەیخودا:** ماڵوێران بووین... دەبێ بڕۆن!
**عەبدوڵلا:** جەحەندەمتان لێ پڕ بێ!
**مام عەلی:** بڕۆن بە ملی شکاوتان.
**عەبدوڵلا:** حەیف نییە پیاو تۆزێک شەرم و حەیای نەبێ؟
*[بە هەڕەشە گۆپاڵەکانیان دەجووڵێننەوە. ڕاوچییەکان هەردوو پێکەوە بە هەڕەشە دەگوڕێنن. خەڵکەکە لە ترسان ڕا دەکەن. بێ لە موحەڕەم کە لە پێش سەیوانەکە ڕاوەستاوە، کەس لە دیمەنەکەدا نییە. ڕاوچییەکان چاویان پێی دەکەوێ. موحەڕەم چاوی تێ بڕیون و سەری دەلەقێنێ. ڕاوچییەکان زەقزەق چاوی لێ دەکەن... کتوپڕ سەریان دەبەنەوە*

*ژوورەوە... موحەڕەم دێتە نێوەڕاستی گۆڕەپانەکە... لە گۆشە و کەناری کۆڵانەکە و لە کەلێن‌وکولێنەکانەوە سەری هەندێ کەس دێتە دەرەوە و بە سەرسامییەوە سەیری گۆڕەپانەکە دەکەن. پاش ماوەیەکی کورت، دیسان سەری ڕاوچییەکان لە پەنجەرەکاندا وەدیار دەکەوێتەوە. لوولەی تفەنگەکان بەرز دەبنەوە. خەڵکەکە خێرایەکی خۆیان دەشارنەوە. ڕاوچییەکان تفەنگەکانیان لە موحەڕەم دەگرن. موحەڕەم سەری لێ دەشێوێ و نازانی بۆ کام لا ڕا بکا. بەغاردان بۆ لای کەلاوەکە دەچێ. لەناکاو پەشیمان دەبێتەوە و دەگەڕێتەوە. دەنگی گوللە بەرز دەبێتەوە و موحەڕەم بۆ لای کۆڵانی لای ڕاستی پشتەوە ڕا دەکا. ڕاوچییەکان سەریان دەبەنەوە ژوورەوە. پاش ماوەیەک، دیسان هەراوهۆریای خەڵک دەست پێ دەکاتەوە. موحەڕەم لە ڕیزی پێشەوەی خەڵک، کوتەکبەدەست و بە قۆڵی خوێناوییەوە دێتە نێوەڕاستی گۆڕەپانەکە. هەمووان هێرش دەبەن. بەر لە گەیشتن بە پلیکانەکە، هەردوو ڕاوچییەکە بە تفەنگەکانیانەوە دێنەوە بەر پەنجەرەکان. چەخماخەی تفەنگەکە دەکێشن و دەنگی گوللە بەرز دەبێتەوە... وەرەزیلییەکان کوتەکەکان وێڵ دەکەن و ڕا دەکەن. دیمەنەکە بەتاڵە و دەنگی پێکەنینی بەردەوامی ڕاوچییەکان دێ.]*

ڕاوچییەکان لە بیناکەدا دەنەڕێنن، هاوار دەکەن و ئۆقرەیان لێ بڕاوە و هەر دەمنادەمێک سەریان لە پەنجەرەکەوە دێننە دەرەوە، سەیری گۆڕەپان و کۆڵانەکە دەکەن.

**ڕاوچیی یەکەم:** *[سەری دێنێتە دەرەوە و بە هاوارکردن]* مام غوڵام! *[سەری دەباتەوە ژوورەوە.]*

**ڕاوچیی دوویەم:** مام غوڵام! هۆی مام غوڵام! *[سەری دەباتەوە ژوورەوە.]*

**ڕاوچیی یەکەم و دوویەم:** *[پێکەوە]* مام غوڵام! *[سەریان دەبەنەوە ژوورەوە.]*

**ڕاوچیی دوویەم:** *[دیسان وەدیار دەکەوێتەوە.]* ئەم بەقوڕێگیراوە کەسی تێدا نییە؟

**ئەسەدوڵڵا:** *[کوتەکبەدەست لە کۆڵانی لای ڕاستی پشتەوەڕا وەدیار دەکەوێ.]* چیتان دەوێ؟

**ڕاوچیی یەکەم:** مام غوڵام کوا؟

**ئەسەدوڵڵا:** وەدووی ماڵوحاڵی خۆی کەوتووە.

**ڕاوچیی دوویەم:** ئەدی کوا خۆراکمان؟

**ئەسەدوڵڵا:** خۆراکی چی؟

**ڕاوچیی یەکەم:** برسیمانە!

**ڕاوچیی دوویەم:** ئاش...! پڵاو!

**ئەسەدوڵڵا:** نیمانە.

**ڕاوچیی یەکەم:** مریشک، پەنیر، دۆ!

**ڕاوچیی دوویەم:** کەبابی دووگ! خۆرشت!

**ئەسەدوڵڵا:** تەواو بوو ئیدی!

**ڕاوچیی یەکەم:** چ تەواو بوو؟

**ئەسەدوڵڵا:** هەموو شتێک.

**ڕاوچیی دوویەم:** یاڵڵا بڕۆ نانمان بۆ بێنە! نان و کەبابی دووگ!

**ئەسەدوڵڵا:** نان و کەبابی دووگ؟!

**ڕاوچیی دوویەم:** ئادی...! زووکە بڕۆ!

**ڕاوچیی یەکەم:** برسیمانە... تێ دەگەی؟ برسیمانە!

**ئەسەدوڵڵا:** ئەو دێیە بگەڕێی پنجکێک نانی تێدا نەماوە، تەواو بوو!

**ڕاوچیی یەکەم:** ئێمە کارمان بەم قسانە نییە!

**ئەسەدوڵڵا:** چۆن کارتان پێی نییە...! ئەگەر دەتانەوێ برسییەتی نەچێژن، سەرتان داخەن و ملی ڕێیە بگرن و بڕۆن.

**ڕاوچیی یەکەم:** بە زمانی خۆش پێت دەڵێم، برسیمانە!

**ئەسەدوڵڵا:** ئەمنیش بە زمانی خۆش پێتان دەڵێم لێرە بڕۆن!

**ڕاوچیی دوویەم:** جا کە وای لێ هات، هەرچێکی بوو، ئێمە خەتابار مەکەن!

**ڕاوچیی یەکەم:** ئیدی پێوەندیی بە ئێمەوە نییە!

**ئەسەدوڵڵا:** جا چ دەکەن؟

**ڕاوچیی دوویەم:** ماڵەکانتان دەسووتێنین!

**ڕاوچیی یەکەم:** هەمووتان تێکڕا دەکوژین!

**ڕاوچیی دوویەم:** هەموو وڵات کاول دەکەین!
**ڕاوچیی یەکەم:** دەبێ تێرمان بکەن!
**ڕاوچیی دوویەم:** ئەمە بەڵێنی خۆتان بوو.
**ئەسەدوڵلا:** ئێستاش کە بەراز نەماوە و هێشتا لێرەن؟
**ڕاوچیی یەکەم و دوویەم:** *[بە گوراندن]* هەمووتان دەکوژین! هەمووتان دەکوژین! *[ئەسەدوڵلا دەکشێتەوە و بزر دەبێ.]*

# 13

وەرەزیلییەکان یەک‌یەک دێنە نێو گۆڕەپانەکە و لە پلیکانەکە سەر دەکەون. هەرکام قاپێک لە مام غوڵام وەردەگرن و دێنە خوارەوە لە دەوری یەک دادەنیشن. موحەڕەم و نیعمەتیش لە نێو خەڵکەکەدان. لە پێش خەڵکەکە، قاپی بەتاڵی چێشت هەڵچنراون. پڕخەپڕخی ڕاوچییەکان بەرز بووەتەوە.

**مام عەلی:** گوێ بگرە ئەسەدوڵڵا! هەرچێکی بە سەرمان هاتووە، هەمووی خەتای تۆیە. بۆخۆت تێکت داوە، بۆخۆشت چاکی بکەوە.
**ئەسەدوڵڵا:** ئادی بۆخۆم تێکم دا. *[سەری بادەدا و لە سەر خۆڵەکە هێڵ دەکێشێتەوە.]*
**عەبدوڵڵا:** ئەگەر تۆ ئاقڵت وەکار نەخستبایە، ئێستا تووشی ئەو مکافاتە نەدەبووین.
**ئەسەدوڵڵا:** *[بیر دەکاتەوە.]* ئەمن چووزانم ئاوای لێ دێ؟
**موحەڕەم:** خۆ ئەسەدوڵڵا بە خراپەتانی نەدەویست.
**عەبدوڵڵا:** خۆ ئێمەش نەمانوتووە خراپەی کردووە.
**موحەڕەم:** ئەدی بۆ چزەی لێ دێنی؟
**مام عەلی:** بیر لە چی دەکەیەوە ئەسەدوڵڵا؟
**ئەسەدوڵڵا:** *[نارەحەرەتە.]* نازانم...! نازانم!

**کەیخودا:** دەڵێم پێتان چۆنە وەرەزیلی وێڵ بکەین بڕۆین؟
**مام سەتار:** چی؟
**کەیخودا:** خۆ لێرە هیچمان بۆ نەماوە. نە بەرهەم، نە تێشوو... باشتر وایە دەستی ژن و منداڵ بگرین و تا زستان نەهاتووە ڕوو لە لایەک بکەین.
**عەبدوڵلا:** بچینە کوێ؟
**مام عەلی:** سەر لە بیابان بنێین...؟ جا ئەمە قسەیە؟
**کەیخودا:** چارە چییە؟ دەچینە میرخانلوو، وشتربان، قاشقەداغ... بچینە هەرکوێ، لێرە باشترە...
**مام عەلی:** جا بۆ دەهێڵن؟
**عەبدوڵلا:** جێی خۆیان نابێتەوە، نەخوازە ئێمەش بچین!
**مام غوڵام:** ڕێی هیچ کوێمان نییە.
**مام عەلی:** پاش تەمەنێک کوێرەوەری، تازە دوو بست زەوی و چوار دیوارمان پێکەوە ناوە، ئەویش وێڵ بکەین و بڕۆین؟
**عەبدوڵلا:** ئەمە گوندی باووباپیرانمانە... چۆن دەبێ وێڵی بکەین بڕۆین؟
**مام سەتار:** بۆ من فەرق ناکا... هەرچۆنێکی بڵێن وا دەکەم.
**نیعمەت:** نابێ بڕۆین... ناچینە هیچ کوێ.
**کەیخودا:** ئادی نارۆین... ئەمنیش هەر لە خۆمەوە قسێکم کرد.
**موحەڕەم:** کەیخودا، پیاو لەپێشدا دەبێ قسەکەی بجووێ، پاشان بیڵێ!
**عەبدوڵلا:** موحەڕەم...! ئەمە چ قسەکردنێکە! هەرچێکی بێ کەیخودا گەورەترە.
**مام عەلی:** ئێستا چارەمان چییە؟
**ئەسەدوڵلا:** دەبێ دیسان بچین دەستەوداوێنی موسیۆ ببینەوە.
**کەیخودا:** چ بکا جا؟

**عەبدوڵڵا:** بۆ ئەو جارەی چوون چ جوابێکی دانەوە...؟ ئەم فیتنەیە هەموو لە بن سەری موسیۆدایە.

**ئەسەدوڵڵا:** وایە، بەڵام دار دەبێ هۆرە لە خۆی بێ...دەچم هەرجۆرێکی بێ دەیهێنمە ئێرە، ئەگەر پێویست بوو شتێکی لە مستی دەنێین.

**مام عەلی:** ئەمن کە لە سەر ساجی عەلیم.

**عەبدوڵڵا:** ئەمنیش هەروا.

**ئەسەدوڵڵا:** بۆخۆم دەیدەمێ... ئەگەر پێویست بێ... دارونەدارم دەفرۆشم و دەیدەم.

**موحەڕەم:** *[بۆ جەماعەت]* ئێوە سەرتان لێ نەشێوێ. ئاخری یەکێک دەبێ باری وەرەزیل لە ئەستۆ بگرێ.

**کەیخودا:** لەگەڵ کێ دەچی؟

**موحەڕەم:** ئەمن لەگەڵی دەچم!

*[موحەڕەم و ئەسەدوڵڵا سەیری یەکتر دەکەن. هەڵدەستن. جەماوەرەکە بە حەپەسانەوە چاویان تێ دەبڕن.]*

# 14

دیمەنی شانۆکە بەتاڵە. دەنگی پڕخەپڕخی ڕاوچییەکان بەرز دەبیستریّ. دەنگی ئۆتۆمبیل دیّ کە نزیک دەبێتەوە و دەوەستیّ. هەراوهۆریا. پاش ماوەیەکی کورت، موسیۆ، ئەسەدوڵڵا، عەبدوڵڵا، مام عەلی و وەرەزیلییەکان لە دەوروبەرەوە و لە پشت سەری موسیۆوە دێنە نێوەڕاستی گۆڕەپانەکە. موسیۆ گویّ ڕادەگریّ. جەماوەرەکە تێی ڕاماون.

**ئەسەدوڵڵا:** *[کڵاوەکەی لادەبا و ئارەقەی دەسڕێتەوە.]* گوێت لێیە؟
**موسیۆ:** دەنگی ئەوانە؟
**ئەسەدوڵڵا:** ئادی... ئەی پێت وایە کێیە!
**موسیۆ:** نا هاوشاری... ئەمە دەنگی ئەوان نییە!
**ئەسەدوڵڵا:** چۆن هی ئەوان نییە؟
**کەیخودا:** هەرکات دەخەون، ئەم دەنگەیان لێوە دیّ!
**موسیۆ:** دەڵێی چی؟ *[بە حەپەساوی گویّ شل دەکا.]*
**ئەسەدوڵڵا:** چ بووە؟
**موسیۆ:** گوایە...
**ئەسەدوڵڵا:** گوایە چی؟
**موسیۆ:** ئەریّ وتت هەمیشە دەخەون...؟ کە هەڵیشدەستن هەر دەخۆن؟
**مام عەلی:** ئادی، خواردنی وا هەر نەبووە قەت!

**عەبدوڵڵا:** خۆ ئەوێ جارەکە پێمان وتی.

**موسیۆ:** ئەوێ جارەکە...؟ لە بیرم نییە.

**مام عەلی:** زۆر شتێکی سەیرن... هەڵمساون!

**مام عەلی:** ئیدی دەنگەدەنگیش کاریان لێ ناکا.

**کەیخودا:** لە هیچیش ناترسن.

**مام عەلی:** قەدەرێکە نیوەشەوان دەنگی سەیروسەمەرە لە خۆیانەوە دەردێنن.

**مام جەعفەر:** دەیانەوێ ئێمە بترسێنن!

**موسیۆ:** نا کاکە... بۆ ترساندن نییە... *[بیر دایدەگرێ.]* ڕاوەستن... *[ئاخێک هەڵدەکێشێ. خەڵکەکە بە هیواوە سەیری دەکەن. موسیۆ بە ماتەمات سەرێک لە ژوورەکە دەنێ. بەپەلە سەری دێنێتەوە دەرێ و پەنجەی دەباتە پێش لێوی و داوا لە خەڵکەکە دەکا بێدەنگ بن و سووکێکی یەک دوو پلیکان دێتە خوارەوە.]*

**ئەسەدوڵڵا:** چ بووە؟

**موسیۆ:** وەزعەکە ئاڵۆزە!

**ئەسەدوڵڵا:** ئاڵۆزە؟

**جەماوەر:** ئاڵۆزی چی؟ ئاڵۆزی چی؟

**موسیۆ:** ئیدی هیچیان لەگەڵ ناکرێ.

**مام عەلی:** بۆ؟

**موسیۆ:** ناکرێ ئیدی... ناکرێ!

**کەیخودا:** ئەدی ئێمە قوڕی کوێ وەسەر بکەین؟

**جەماوەر:** چ بکەین ئەدی؟

**موسیۆ:** *[بۆ لای خەڵکەکە دەنوشتێتەوە. وەرەزیلییەکان دەورەی*

*دەدەن.]* چ بکەین؟

**عەبدوڵڵا:** فریامان بکەوە موسیۆ!

**موسیۆ:** چۆنتان ڕزگار بکەم؟ چۆن؟

**نیعمەت:** بزانە چیت لە دەست دێ.

**موحەڕەم:** تۆ تەمەنێکە لەگەڵ ئەمانەی، چاکتری لێ حاڵیی.

**موسیۆ:** *[پاش ماوەیەک بیرکردنەوە.]* فەقەت ڕێگەیەک هەیە، یەک ڕێگە!

**کەیخودا:** چ ڕێگەیەک؟

**موسیۆ:** ڕاستیتان دەوێ، ئەمانە وایان لێ هاتووە کە تا بۆنی باڕووتیان بۆ نەیا، هۆشیار نابنەوە. فەقەت بۆنی باڕووت ڕاویان دەنێ... بۆنی باڕووت، دەنگی گوللە!

**ئەسەدوڵڵا:** *[حەپەساو]* یانی دەڵێی بیانکوژین؟

**موسیۆ:** کەیفی خۆتانە... ئەگەر دەتانەوێ لێرە بڕۆن، دەبێ گوللەیان پێوە بنێن.

**ئەسەدوڵڵا:** ئێمە کاری وامان لە دەست نایە... هەر پیاوکوشتن ماوە پێمان بکەی!

**موسیۆ:** وایە، ئێوە لە دەستتان نایە... بە کەسی ئاسایی ناکرێ... ڕاوچیی دەوێ... ڕاوچی!

**عەبدوڵڵا:** ڕاوچی؟

**موسیۆ:** ڕاوچیی ئازا... لەمانە ئازاتر!

**ئەسەدوڵڵا:** تۆخودا دیسان دەتەوێ ڕاوچی بێنییە ئەم گوندەوە؟

**موسیۆ:** ئەمن نازانم، کەیفی خۆتانە... بەڵام بزانن کە هەموو ڕاوچییەک دەرەقەت ئەمانە نایە... ئەمانە زۆر شارەزان!

**کەیخودا:** تەمەشا ئەو بەزمەی!

**موسیۆ:** ئەگەر پێتان خۆشە، با دوو ڕاوچیی باشتان بۆ بێنم.

**کەیخودا:** لەسەر چ قەول‌وقەرارێک؟

**موسیۆ:** هیچ... هاسانە... ژوورێکی خاوێنیان بدەنێ... زگیشیان تێر بکەن... ئەوەندە!

*[هەمووان بە حەپەساوی سەرەتا سەیری یەکتر و پاشان سەیری موسیۆ دەکەن. موسیۆ چاویلکەکەی دەجووڵێنێتەوە و چاوەڕێی وەڵام دەبێ.]*

# 15

دیمەنی شانۆکە بەتاڵە. پڕخەپڕخی ڕاوچییەکان لە بینای لای ڕاستەوە بەرز بووەتەوە. دوو پەنجەرەی بینای لای چەپ ئاوەڵان. دەنگ‌وهەرای هەندێ کەس لە بینای لای چەپەوە دەبیسترێ. ئەسەدوڵڵا لە کۆڵانی لای ڕاستی پشتەوەڕا وەدیار دەکەوێ کە بوخچەیەکی گەورەی نۆن‌وبانی بە دەستەوەیە. دێ و لە پلیکانەی لای چەپ وەسەر دەکەوێ. موحەڕەم لە کۆڵانی لای ڕاستی پێشەوەڕا بە بوخچەیەکی گەورەی دۆشەک و لێفەوە دێتە ژوورەوە.

**نیعمەت:** *[کە لە کۆڵانی لای چەپی پشتەوەڕا وەدیار کەوتووە.]* هۆی موحەڕەم! ماندوو نەبێ!

**موحەڕەم:** بە تەمای بڵێی چی؟

**نیعمەت:** قسەکانی خۆت...! لە بیرت نەماوە؟

**موحەڕەم:** ئادی لە بیرم نەماوە!

**نیعمەت:** *[پێدەکەنێ.]* ئاگات لێیە خەریکی چیی؟

**موحەڕەم:** ئادی دەزانم!

*[هەردووکیان بێدەنگ پێدەکەنن. موحەڕەم لە پلیکانەکە دەچێتە سەرەوە. نیعمەت دێتە بن سەیوانەکە دادەنیشێ و بە شووڵکێک، ئەرزەکە خەت‌خەت دەکا. دەنگی ماتۆڕ و بووقی ئۆتۆمبیل بەرز دەبێتەوە. کەیخودا*

*و مام غوڵام گەسکبەدەست لە سەر پلیکانەی بیناکە وەدیار دەکەون. موحەرەم و ئەسەدوڵڵاش دێنە سەر پلیکانەی لای ڕاست. پاش ماوەیەک موسیۆ وەدیار دەکەوێ و دوابەدوای موسیۆ، دوو ڕاوچیی چوارشانە و بەخۆوە، جانتا لە شان و هەر کام تفەنگێکی زل بە دەستەوە.]*

**موسیۆ:** *[خۆشحاڵە.]* سیلاو... هاوشاری... سیلاو! *[هەموان بە حەپەساوی سەیری دوو ڕاوچییە نوێیەکە دەکەن.]*

**ئەسەدوڵڵا:** هێناتن؟

**موسیۆ:** هێنامن. جێتان بۆ دروست کردوون؟

**ئەسەدوڵڵا:** ئادی، دروستمان کردووە.

**موسیۆ:** ئەی خواردن؟

**ئەسەدوڵڵا:** ئادی، لە هیچیان کەم نییە.

*[موسیۆ دەگەڕێتەوە و سەیری ڕاوچییەکان دەکا و پێدەکەنێ. کەیخودا و موحەرەم و ئەسەدوڵڵا و مام غوڵام سەیری یەکتر دەکەن.]*

**موسیۆ:** دەی، کوا جێیەکەیان؟

**ئەسەدوڵڵا:** هۆوەتا! *[ئاماژە بە بینای لای ڕاست دەکا. کەیخودا و مام غوڵام لە پلیکانەکە دێنە خوارەوە. ڕاوچییەکان دەچنە سەرەوە و بە جانتا و تفەنگەوە وەژوور دەکەون.]*

**موسیۆ:** دەی... ئێستا ئیدی خاترجەم دەبن... ئەمن دەبێ بڕۆم. دەبێ بچمە ئیسپرەخون، کەلاک بار بکەم. بەم ڕاوچییانەم ڕابگەن ها! *[پێدەکەنێ.]* ئەمانە ئەگەر برسی بن، هیچیان لە دەست نایە... دەی، خوداحافیز هاوشاری، خوداحافیز! *[سەرکەوتووانە بە کۆڵانی لای ڕاستی پشتەوەدا دەڕوا.]*

**کەیخودا:** *[دەچێتە نزیک ئەسەدوڵڵا و مام غوڵام.]* دەی، چ بکەین؟

**ئەسەدوڵڵا:** وا دیارە سەرەتا دەبێ چێشتیان بدەینێ.

**ڕاوچیی سێیەم:** *[سەری لە پەنجەرەکە دێنێتە دەەرەوە.]* دەی... کوا نەهار؟

**ڕاوچیی چوارەم:** *[وەدیار دەکەوێ.]* برسیمانە... یاڵڵا دەی، خێرا کەن!

**ڕاوچیی سێیەم:** ئێمە زگمان تێر نەبێ، دەستمان بۆ کار ناچێ ها!

**ڕاوچیی چوارەم:** تۆزێک زیادیش بێنن زەرەدی نییە.

**ڕاوچیی سێیەم:** تا زۆر بێ کەمە.

**ڕاوچیی چوارەم:** ئاش! پڵاو!

**ڕاوچیی سێیەم:** بڕێکیش کەبابی دووگ...! کەبابی دووگ!

**ڕاوچیی چوارەم:** دۆشتان لە بیر نەچێ! *[سەریان دەبەنەوە ژوورەوە. هەمووان بە حەپەساوی سەیری یەکتر دەکەن.]*

**ئەسەدوڵڵا:** هۆی مام غوڵام! دا هاوار بکە بڵێ زووکەن بیهێنن، با بزانین بە تەمان چ بکەن!

**موحەڕەم:** *[دەچێتە سەر سەکۆکە.]* هۆی...! هۆێ...! هۆی وەرەزیلییەکان! هۆی... هۆی! هۆی وەرەزیلییەکان!

*[مام عەلی بە مەنجەڵێک پڵاوەوە، مام جەعفەر بە کاسەکەیەوە و عەبدوڵڵا بە سفرەیەک نانەوە لە دەوروبەرەوە دێنە نێو گۆڕەپانەکە.]*

**مام جەعفەر:** *[بە پێکەنینەوە]* هێنامان، جا با بیخۆن!

**مام عەلی:** مەیکە هەڵڵا! ئەمە خۆشحاڵیی ناوێ!

**مام جەعفەر:** ئەو ئاشەی...! وەیوەی...! خۆزگەم بە خۆیان!

**مام غوڵام:** بیهێنە بیدە بە من.

**مام جەعفەر:** *[هاوکات کە کاسە ئاشەکەی دەداتێ.]* مام غوڵام! دەڵێم ئەگەر لە ئاخرێدا هیچ مایەوە... تۆخودا... مەهێڵە ڕاپێچەک درێ!

*[غوڵام بە کاسەکەوە لە پلیکانەکە دەچێتە سەرەوە.]*

**16**

هەموو وەرەزیلییەکان لە گۆڕەپانەکەدا کۆ بوونەتەوە. قاپە چێشتی بەتاڵیان لە پێش سەیوانی مزگەوتەکە لە سەر یەک هەڵچنیوە. دەنگی پڕخەپڕخ لە بینای لای چەپەوە بەرز بووەتەوە. ماوەیەک بێدەنگی. مام غوڵام بەپەلە و لە حاڵێکدا کە کاسەیەک و دوو کەوچکی پێیە، لە پلیکانەی لای ڕاست دێتە خوارەوە و لە تەنیشت قاپوکەوچکەکانی دیکەی دادەنێ و لە لای جەماوەرەکە ڕادەوەستێ سەیر دەکا. ماوەیەک چاوەڕوانی. سەری ڕاوچێیە نوێیەکان لە پەنجەرەی بینای لای ڕاستەوە دێتە دەرێ. سەرەتا سەیری خەڵک دەکەن و پاشان دەڕواننە بیناکەی بەرامبەریان.

**ڕاوچیی سێیەم:** */دەنەڕێنێ/* هۆۆۆی!
**ڕاوچیی چوارەم:** هۆی! خەوتوون یا بەخەبەرن؟ */بێدەنگی. هەردوو ڕاوچییەکە چاو تێک دەبڕن. دەنگی پڕخەپڕخ لە بینای بەرامبەرەوە بەرز دەبیسترێ./*
**ڕاوچیی چوارەم و سێیەم:** هۆی! */خەڵک بە نۆبە، هەندێ جار سەیری بینای لای ڕاست و هەندێ جاریش سەیری هی لای چەپ دەکەن./*
**ڕاوچیی سێیەم:** ئاوا بۆمان نایەنە دەرەوە.
**جەماوەر:** */سەیری یەکتر دەکەن و بڕیار دەدەن و بە نەڕە/* هۆی! هۆی! هۆی!

**ڕاوچیی چوارەم:** تەنیا دەنگی گوللە هەڵیاندەستێنێ. *[دەچنەوە ژوورەوە. پاش ماوەیەک، هەردووکیان پێکەوە لوولەی تفەنگەکانیان دێننە دەرەوە. ڕاوچیی سێیەم تیرێک دەهاوێ. خەڵک سەیری یەکتری دەکەن. ڕاوچییەکان پێدەکەنن. پڕخەپڕخی ڕاوچییەکانی لای چەپ دەبڕێتەوە.]*

**ڕاوچیی سێیەم:** دەڵێی هەستان!

**ڕاوچیی چوارەم:** ئادی، خەریکە هەڵدەستن! *[ڕاوچیی چوارەمیش تەقەیەک دەکا.]* ئەمجارە ئیدی هەڵدەستن!

*[سەری ڕاوچیی یەکەم و دوویەم، لە حاڵێکدا کە خەواڵوون و هەڵمساون، لە پەنجەرەکان دێنە دەرەوە. ڕوخساریان گۆڕاوە، ددانیان کەوتووە. ماوەیەک سەیری ڕاوچییە نوێیەکان دەکەن کە بە سەرنجەوە چاودێریانن. لەناکاو بە شێوەیەکی تووڕە دەنەڕێنن، نەڕاندنێکی لەناکاو و پێکەوە. لە پشت پەنجەرەکە لادەچن... ماوەیەک بێدەنگی... وەرەزیلییەکان لە پاڵ یەکتر ڕاوەستاون... ڕاوچییەکانی لای چەپ بە تفەنگەوە وەدیار دەکەون. هەر چوار ڕاوچییەکە چاو تێک دەبڕن. ئارام و پێکەوە تفەنگەکانیان بۆ لای یەک نیشانە دەگرن. وەرەزیلییەکان لێک نزیکتر دەبنەوە. حەپەساو و تێکڕا، هەندێ جار سەیری لای ڕاست و هەندێ جار سەیری لای چەپ دەکەن. ڕاوچییەکان هەروا ڕقئەستوورانە چاویان تێک بڕیوە. لوولەی تفەنگەکانیان ڕووی لە نێوچاوانیانە. پێکەوە چەخماخەی تفەنگەکان دەکێشن. ڕاوچییەکان بە سەرنجێکی زیاترەوە نیشانە دەگرن. لوولەی تفەنگەکان بۆ لای خوارەوە دێنن، بە وردی و تەواو سەیری یەکتر دەکەن، دیسان تفەنگەکان بەرز دەکەنەوە. پاش ماوەیەک، لوولەی تفەنگەکان لەناکاو نیشانەیان دەگۆڕن و بەرەو جەماوەری وەرەزیل دەگەڕێنەوە. جەماوەرەکە بە ترسەوە لە دەوری یەک*

*کۆ دەبنەوە. لەناکاو و تێکڕا دەکشێنەوە و وا پێکەوە دەنووسێن کە گوایە دەیانەوێ یەکتر لە دەسڕێژی گوللە دەرباز بکەن و هەمووانیش پێکەوە، وەک ئەوەی جەستەیەک بن، هەڕای دەرگەی مزگەوتەکە دەکەن. تفەنگەکان تەواو ڕوویان لە دەرەوەیە و وەرەزیلییەکانیان کردووەتە ئامانج. وەرەزیلییەکان بە ترسەوە و زراوچووو سەیری ڕاست و چەپ دەکەن. هەراوهۆریایەک دەست پێ دەکا کە وردەوردە بەرز دەبێتەوە و دەبێتە ناڵە و نەڕەیەکی بەرز؛ ناڵەیەک کە تەنیا کاتی نزیکبوونەوەی ئاڵقەی تەنافی دار، لە گەرووی تاوانبارێکەوە دێتە دەرەوە.]*

* هەر جۆرە کەڵکوەرگرتن لەم بەرهەمە بە هەر شێوەیەک، پێویستی بە ئیزنی وەرگێڕ هەیە.